هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالْی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالْی ٢٠٠٤

# پێڕیست:


پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٩/ ٢٠٠٤/١٢ ل ٥٣٩

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ١٥/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٥٥

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ١٦/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٨٨

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژماره(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٧/ ٢٠٠٥/٤ ل ٥٩٠

باشه ئێستا تکایه ئەوەی لەگەڵ ئەو بەرنامەیەدایە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پاڵێوراوەکانەوە هەیە پاڵێوراو عبدالکریم ابو بکر لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی خوالێخۆشبوو( محمد سعید یعقوبی)، با دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، وابزانم بەگشتی بڕیاری لەسەر درا، پاڵێوراو(نجاه یاسین) لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی خوالێخۆشبوو(ابراهیم عبدالقادر دوغرەمەچی)، کێ لەگەڵ ئەم بڕیارە دایە، سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، جا ئێستا داوا لە هەردوو بەڕێز دەکەین کە بێنە سەر مەنەسەکە بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

بەڕێز عبدالکریم ابو بکر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عبدالکریم ابو بکر سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژوەندییە باڵاکانی دەکەم، عبدالکریم ابو بکر ئەندامی ئەنجومەنی نبشتمانیی کوردستانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز نجاه یاسین، فەرموو.

**بەڕێز نجاه یاسین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من نجاه یاسین سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژوەندییە باڵاکانی دەکەم، نجاه یاسین ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر بڕگەی دووەم (خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای دەزگای گشتی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستانی عێراق)، با دووکەس لە لیژنەی شارەوانی و گەیاندن بفەرموون بۆ ئێرە دوو ئەندام لە لیژنەی یاسایی بفەرموون، بەڵێ راستە ئەمە بۆ لێکۆڵینەوە نییە، تەنها بۆ خوێندنەوەیە با یەکێك بێت لە هەر لیژنەیەك، فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم الاصدار:**

**تأريخ الاصدار:**

استناداً إلى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان- العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (   )والمنعقدة بتأريخ   /   /٢٠٠٤واستناداً إلى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣)من المادة الثانية من القانون رقم (١٠)لسنة ١٩٩٧ قررنا إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم (      ) لسنة ٢٠٠٤

## قانون المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق

### الفصل الأول

### التعاريف

**المادة الأولى:**

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

١-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢-مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

٣-المؤسسة : المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق.

٤-رئيس المؤسسة: رئيس ادارة المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق.

٥-الغرض السياحي: ويقصد به الراحة والاستجمام والرياضة والسياحة والتسلية والصيد ومشاهدة الاماكن التاريخية والاثرية والمناظر الطبيعية والانشطة الترفيهية الاخرى.

٦-المرفق السياحي: ويقصد به أي نشاط يمارس فيه الغرض السياحي كالفنادق والمطاعم والكازينوهات والمنتجعات وغيرها من اماكن اللهو.

٧-المنطقة السياحية: ويراد بها المكان المؤهل لمارسة النشاط السياحي ويتحقق فيه الغرض السياحي.

### الفصل الثاني

### التأسيس والأهداف

**المادة الثانية:**

يؤسس بموجب هذا القانون مرفق عام يسمى (المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق) ويكون مركزها في اربيل ويرأسها موظف بدرجة خاصة وترتبط بمجلس الوزراء ويتم تعيين منتسبيها بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

**المادة الثالثة:**

للمؤسسة شخصية معنوية واستقلال مالي واداري.

**المادة الرابعة:**

تهدف المؤسسة الى تحقيق ما يلي:

١-تشجيع الحركة السياحية باعتبارها مصدراً اقتصادياً مهماً من مصادر الثروة القومية للاقليم.

٢-توسيع الحركة السياحية في الاقليم والاهتمام بالمناطق السياحية المختلفة واستثمارها للاغراض السياحية.

٣-رفع المستوى السياحي للمرافق السياحية المختلفة في الاقليم وبما يكفل تقديم افضل الخدمات للسياح عند الاقامة او التنقل بين المناطق السياحية.

٤-تطوير الحركة السياحية في الاقليم باعتبارها نشاطاً اعلامياً وثقافياً وحضارياً وبما يؤدي الى اجتذاب اكبر عدد من السياح من مختلف ارجاء العالم وتعريفهم بتراث شعب كوردستان وحضارته بما يتضمن ابراز تضحيات هذا الشعب وكفاحه في سبيل نيل حريته.

**المادة الخامسة:**

تسعى المؤسسة الى تحقيق اهدافها بالوسائل التالية:

١-العمل على استغلال المصادر الطبيعية في الاقليم كالجبال والشلالات وشواطيء الانهار والبحيرات وينابيع المياه المعدنية وتطويرها بما يحقق الغرض السياحي.

٢-استثمار وتطوير الاماكن التأريخية والاثرية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

٣-انشاء المجمعات والفنادق السياحية ومحلات التسلية والترفيه والمتنزهات وغيرها من المرافق السياحية.

٤-تشجيع ودعم القطاع الخاص للنهوض بالحركة السياحية في الاقليم بمختلف الوسائل كتخصيص الاراضي للمواطنين لغرض انشاء المرافق السياحية المختلفة ووفق شروط خاصة تتحدد بتعليمات يصدرها مجلس الوزراء.

٥-تأجير واستئجار المرافق السياحية المختلفة.

٦-تأسيس الشركات السياحية المختلفة.

٧-تسهيل تقديم الخدمات المصرفية في المناطق السياحية.

٨-تشجيع الشركات الاجنبية والمستثمرين الاجانب على الاستثمار في مجال السياحة في الاقليم.

-اقامة الدورات التدريبية لتطوير كفاءة الكوادر السياحية.

١٠-انشاء مكاتب ووكالات سياحية داخل الاقليم وخارجه لتقديم الخدمات السياحية.

١١-تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية من مختلف دول العالم من والى الاقليم.

١٢-بث الوعي السياحي عن طريق وسائل الاعلام المختلفة.

١٣-التعاون والتنسيق مع الجهات المختصة في الاقليم على ابراز خصوصيات شعب كوردستان وتضحياته وتجسيد ذلك عن طريق اقامة النصب التذكارية والمعارض والنشاطات الفنية المختلفة.

## الفصل الثالث

## التشكيلات والصلاحيات

**المادة السادسة:**

رئيس المؤسسة: هو الرئيس الاداري والمالي للمؤسسة ويشترط فيه ان يكون حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والكفاءة وان لا تقل خدمته عن خمس عشرة سنة بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

نائب رئيس المؤسسة: ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والكفاءة على ان لا تقل خدمتة عن عشر سنوات وينوب عن رئيس المؤسسة عند غيابه ويعيين بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

مدير عام السياحة: ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية في مجال السياحة وله خدمة سياحية لا تقل عن عشر سنوات ويعيين بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

**المادة السابعة:**

يمارس رئيس المؤسسة الصلاحيات التالية:

١-ادارة شؤون المؤسسة ويرأس جلساتها والاشراف على الدوائر التابعة لها.

٢-تمثيل المؤسسة امام المحاكم والدوائر ذات العلاقة.

٣-التوقيع على المخابرات التي تصدر عن المؤسسة.

٤-اقتراح الميزانية السياحية واعداد الملاك والموازنة السنوية والحسابات الختامية.

٥-الموافقة على صرف المبالغ التي لا تتجاوز خمسة ملايين دينار لكل حالة.

**المادة الثامنة:**

يتشكل مجلس المؤسسة من:

١-رئيس المؤسسة - رئيساً.

٢-نائب رئيس المؤسسة - عضواً ويحل محل رئيس المؤسسة عند غيابه.

٣-مدير عام السياحة - عضواً.

٤-مدير الشؤون القانونية للمؤسسة- عضواً.

٥-متخصص في شؤون السياحة والفندقة- عضواً.

٦-خبير اقتصادي- عضواً.

٧-عضواً اخر او اكثر من ذوي الاختصاص يراه رئيس المؤسسة ضرورياً لحضور جلسات المجلس من داخل او خارج المؤسسة.

**المادة التاسعة:**

يمارس مجلس المؤسسة الصلاحيات التالية:

١-رسم واقرار السياسة العامة للسياحة في الاقليم بعد موافقة مجلس الوزراء.

٢-المصادقة على العقود المتعلقة باقامة وتطوير المنشآت والمشاريع السياحية واستثمارها.

٣-المصادقة على اتفاقيات التعاون السياحي المعقودة مع الجهات الخارجية بعد موافقة مجلس الوزراء.

٤-المصادقة على مشروع ميزانية السنوية والملاكات والحسابات الختامية للمؤسسة ودفعها الى الجهات المعنية.

٥-لمجلس المؤسسة صلاحية تمليك المؤسسة الاراضي المملوكة للدولة والمناسبة للاغراض السياحية بدون بدل لضمان تحقيق اهدافها وعليها تعويض اصحاب الحقوق التصرفية فيها وكذلك قيام المنشآت والمغروسات من ميزانيتها الخاصة بموجب القوانين المرعية.

**المادة العاشرة:**

يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وكلما دعت الحاجة وبدعوة من رئيس المؤسسة ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء وتتخذ القرارات باكثرية الاصوات وعند التساوي يرجح الجانب الذي فيه رئيس المؤسسة.

## تشكيلات المؤسسه العامه للسياحه

**المادة الحادية عشرة:**

ترتبط بالمؤسسة المديرية العامة للسياحة.

**المادة الثانية عشرة:**

المديرية العامة للسياحة ومدير عام السياحة وتتكون من الاقسام التالية:

**أولاً:**

قسم شؤون السياحة ويديره موظف بدرجة مدير ويحمل شهادة متخصصة وله خدمة لا تقل عن عشر سنوات ويتألف القسم المذكور من الشعب التالية:

أ-التفتيش السياحي.

ب-التصنيف ومنح الاجازات.

ج-قصور الضيافة ودور الاستراحة.

د-ادارة المرافق السياحية.

هـ-الشركات والسفر والخدمات السياحية.

ويتولى قسم شؤون السياحة المهام التالية:

١-رقابة وتوجيه المرافق السياحية التابعة للمؤسسة وضمان التزامها بالقوانين والتعليمات والقرارات ذات العلاقة.

٢-منح وتجديد والغاء اجازة المرافق السياحية ومراقبتها وتفتيشها واقتراح غلقها وسحب اجازتها.

٣-التأكد من سلامة اجراءات التأسيس للمرافق السياحية والالتزام بقرارات المؤسسة وتنفيذ تعليماتها والاطلاع على السجلات وتقديم التقارير عنها.

٤-متابعة تنفيذ الخطة العامة والسنوية وكذلك التعليمات والقرارات الخاصة بشؤون تنظيم وادارة ونوع الخدمات في المرافق السياحية من الناحية الفنية ومدى الالتزام باحكام القوانين والتعليمات.

**ثانياً:**

قسم الادارة والمالية:ويديره موظف بدرجة مدير يحمل شهادة متخصصة وله خدمة لا تقل عن عشر سنوات ويتألف القسم المذكور من الشعب التالية:

أ-شعبة الادارة: وتتولى المهام التالية:

١-استلام البريد وقيده في السجلات وتحويله واصدار المخابرات وحفظ المراسلات وتنظيمها وتصنيفها.

٢-القيام باعمال الطبع والتصوير.

٣-تنظيم حركة السيارات وصيانتها.

٤-اعداد الملاك وتنسيق وتوحيد ملاكات ودوائر المؤسسة.

٥-مسك السجلات لتدوين المعلومات المتعلقة بالافراد العاملين في المؤسسة من حيث مؤهلاتهم وخبراتهم والقرارات الخاصة بهم.

٦-مسك السجلات والدفاتر الخاصة بضمان العمال وتطبيق القوانين والتعليمات ذات العلاقة.

٧-اية مهام اخرى تقررها المؤسسة لتحقيق اهدافها.

ب-الشعبة المالية: وتتولى المهام التالية:

١-مسك السجلات الحسابية للمؤسسة والدوائر التابعة لها وفق النظام المالي المعتمد.

٢-اعداد موازين المراجعة الشهرية والفصلية والسنوية لدوائر المؤسسة.

٣-اعداد التخمينات للميزانية التخطيطية السنوية للمؤسسة ودوائرها كل على حدة ورفعها بصورة موحدة في المواعيد المقررة.

٤-متابعة ايرادات المؤسسة والدوائر التابعة لها وايداعها في المصارف ومطابقة الكشوفات مع الصرف شهرياً.

٥-صرف المبالغ المستحقة على المؤسسة بعد التأكد من مطابقتها للقوانين والتعليمات وتوفر الاعتماد المالي.

٦-اعداد قوائم الرواتب والاجور والمخصصات والمكافآت والكسوة لمنتسبي المؤسسة والدوائر المرتبطة بها.

٧-تنظيم البطاقات المخزنية ومسك السجلات الخاصة بالمخازن واجراء المطابقات الدورية لارصدتها مع الموجود الفعلي ورفع تقارير شهرية عنها.

٨-متابعة تحصيل الديون.

٩-اية مهام اخرى تقررها المؤسسة لضمان تحقيق اهدافها.

١٠-شعبة التدقيق والرقابة المالية.

١١-شعبة المخازن والحسابات المخزنية.

١٢-امانة الصندوق.

**ثالثاً:**

قسم التخطيط والمتابعة: ويديره موظف بدرجة مدير يحمل شهادة متخصصة وله خدمة لاتقل عن عشر سنوات ويتولى القسم المذكور المهام التالية:

١-التخطيط للنشاطات كافة وفق توجيهات المؤسسة.

٢-رفع التقارير عن نشاط الدوائر واقسامها وتلقي التقارير الفصلية منها.

٣-اعداد الخطة السنوية والفصلية.

٤-اجراء الاحصائيات المتعلقة بمختلف اوجه النشاط السياحي.

٥-المشاركة في المراحل التنفيذية للخطة بوضع المعالجات وتصحيح المعلومات ورفع التوصيات بشأنها.

٦-اية مهام اخرى تقررها المؤسسة لتحقيق اهدافها.

رابعاً:

قسم الاملاك: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة متخصصة في الاعلام وله خدمة لا تقل عن عشر سنوات.

خامساً:

قسم الهندسة: ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة بكالوريوس في الهندسة وله خدمة لا تقل عن عشر سنوات.

المادة الثالثة عشرة:

ترتبط بالمديرية العامة للسياحة مديريات السياحة في محافظات الاقليم ويتولى كل مديرية موظف بدرجة مدير يحمل شهادة متخصصة وله خدمة لا تقل عن عشر سنوات وتتألف كل مديرية من الشعب التالية:

أ-الشؤون السياحية.

ب-الادارة والخدمات والافراد.

ج-الحسابات.

د-الهندسة.

وتتولى كل مديرية للسياحة في المحافظة المهام التالية:

١-تنفيذ القوانين والتعليمات والقرارات ذات العلاقة.

٢-متابعة تنفيذ الخطة العامة والسنوية.

٣-دراسة المقترحات والشكاوي التي ترفع من قبل المواطنين والسياح ومختلف الجهات عن الخدمات السياحية.

٤-اعداد التقارير الدورية والاحصائية عن النشاط السياحي ورفع المقترحات اللازمة لتطويره.

٥-رقابة وتفتيش المرافق السياحية ضمن اختصاصها لضمان حسن ادائها.

٦-اية مهام اخرى تقررها المؤسسة لضمان تحقيق اهدافها.

**المادة الرابعة عشرة:**

مديرية الشؤون القانونية: ويديرها موظف بدرجة مدير يحمل شهادة بكالوريوس في القانون وله خدمة قانونية لا تقل عن عشر سنوات وتتولى المديرية المذكورة المهام التالية:

١-ابداء الدراسات والاراء والاشارات القانونية حول القضايا التي تحال اليها.

٢-اعداد مشروعات التعليمات والانظمة التي تتعلق بالمؤسسة.

٣-ابداء المطالعات والرأي القانوني في المذكرات القانونية التي تعرض على المؤسسة من قبل اقسامها ودوائرها.

٤-تمثيل المؤسسة في الدعاوى التي تقام من قبلها او عليها ومتابعتها في مراحلها كافة لدى المحاكم والجهات المختصة التي يقتضي حضور ممثل عنها من الناحية القانونية.

٥-تنظيم علاقة المؤسسة مع وكلائها من المحامين وتهيئة المستندات لهم والاجابة على المخابرات الخاصة بهم ومناقشتهم بشأن الدعاوى التي يتوكلون فيها ومتابعة مراحلها وتقديم الطعون للاحكام القضائية الصادرة ضد المؤسسة.

٦-متابعة تنفيذ الاحكام القضائية.

٧-مسك السجلات الاصولية للدعاوي المدنية والجزائية كافة وقضايا العمال والكشوفات المستعجلة.

## الفصل الرابع

## الإيرادات

**المادة الخامسة عشرة:**

تتكون ايرادات المؤسسة من:-

١-الرسوم والارباح الناجمة عن نشاطاته.

٢-بدلات ايجار المرافق السياحية.

٣-المنح والمساعدات والهبات التي تقدم للمؤسسة وفق القوانين والانظمة والتعليمات النافذة.

٤-المنحة السنوية واية تخصيصات اخرى تقدمها حكومة اقليم كوردستان.

**المادة السادسة عشرة:**

يستوفي لقاء منح إجازة المرفق السياحي وتجديدها رسم سنوي كالآتي:

١. ٦٠٠,٠٠٠ ستمائة الف دينار مرفق سياحي ممتاز.

٢. ٤٥٠,٠٠٠ اربعمائة وخمسون الف دينار مرفق سياحي درجة اولى.

٣. ٣٠٠,٠٠٠ ثلاثمائة الف دينامرفق سياحي درجة ثانية.

٤. ٧٥,٠٠٠ خمسة وسبعون الف دينار مرفق سياحي درجة رابعة.

٥. ٣٨,٠٠٠ ثمانية وثلاثون الف دينار مرفق سياحي درجة خامسة.

**المادة السابعة عشرة:**

للمؤسسة ميزانية خاصة تقدمها الى مجلسي الوزراء قبل ثلاثة اشهر على الاقل من بداية السنة المالية لغرض المصادقة عليها ضمن ميزانية الاقليم.

**المادة الثامنة عشرة:**

تعفى المؤسسة من الرسوم كافة عدا الرسوم الكمركية على المواد الغذائية والمشروبات على اختلاف انواعها والمستوردة من قبلها.

**المادة التاسعة عشرة:**

شمول المشاريع والمرافق السياحية الداخلة ضمن التصنيف السياحي بالاعفاءات المقررة للمشاريع الصناعية او جزء منها لضمان تحقيق اهداف المؤسسة المنصوص عليها في هذا القانون.

## الفصل الخامس

## الاحكام الختامية

**المادة العشرون:**

على المؤسسة استحصال موافقة مجلس الوزراء في كل ما يتعلق بنشاطاتها خارج العراق.

**المادة الحادية والعشرون:**

تلغى الهيئة العامة للسياحة وتشكيلاتها والمنصوص عليها في قانون وزارة البلديات والسياحة لاقليم كوردستان العراق رقم (١٥)لسنة ١٩٩٢ وتؤول ممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة كافة من منشآت وعقارات ومرافق سياحية والاراضي المخصصة بما فيها الدور السياحية كالفنادق والمدن والقرى والمطاعم والاكشاك السياحية او اية اموال او ممتلكات اخرى الى المؤسسة العامة للسياحة وتسجل باسمها في دائرة التسجيل العقارى.

**المادة الثانية والعشرون:**

يوقف العمل باحكام قانون المؤسسة العامة للسياحة رقم (٤٩)لسنة ١٩٧٧وتعديلاته.

**المادة الثالثة والعشرون:**

لمجلس المؤسسة تأجير واستئجار وبيع وشراء الاراضي والعقارات بمختلف انواعها وفق تعليمات تصدرها رئاسة مجلس الوزراء لهذا الغرض دون التقيد باحكام قانون بيع وايجار اموال الدولة رقم (٢٣) لسنة ١٩٨٦.

**المادة الرابعة والعشرون:**

يحصر بالمؤسسة صلاحية تسمية الفنادق والمنشآت السياحية في اقليم كوردستان العراق استثناء من احكام قانون الاسماء التجارية رقم(٢٥)لسنة ١٩٥٩ وعلى الجهات المختصة استحصال موافقة المؤسسة عند منح وتجديد والغاء اجازة بيع المشروبات الروحية.

**المادة الخامسة والعشرون:**

لا يجوز احداث منشآت او ابنية او تغيير معالم المناطق السياحية بشكل يتعارض وتصاميم المؤسسة التي ستعد من قبلها.

**المادة السادسة والعشرون:**

تحدد المناطق السياحية المشمولة باحكام هذا القانون من قبل رئاسة مجلس الوزراء وينشر في الجريدة الرسمية للاقليم.

**المادة السابعة والعشرون:**

لصاحب حق التصرف في الاراضي المملوكة للدولة انشاء المشاريع السياحية او الكازينوهات عليها استثناء من احكام الفقرة اولاً من المادة الثانية من قانون توحيد اصناف اراضي الدولة رقم (٥٣)لسنة ١٩٧٦بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء والدوائر ذات العلاقة لقاء بدل يحدد بتعليمات مالية تصدرها وزارة المالية والاقتصاد في اقليم كوردستان وبالتنسيق مع رئاسة مجلس الوزراء.

**المادة الثامنة والعشرون:**

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة والعشرون:**

لمجلس الوزراء اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثلاثون:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الواحدة والثلاثون:**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان العراق.

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لكون اقليم كوردستان العراق ذا طبيعة سياحية حيث تقع العديد من المصايف والمرافق السياحية والمناطق والمواقع الاثرية والدينية المختلفة ولما لقطاع السياحة من اهمية بالغة لكونه مصدراً رئيسياً من

مصادر الثروة الوطنية ووسيلة فعالة لتعريف العالم بتراث وحضارة شعب كوردستان ولغرض تشجيع الحركة السياحية وجذب السياح عن طريق اقامة المؤسسات والمرافق السياحية الحديثة والعصرية في الاقليم من خلال اعطاء المؤسسة العامة للسياحة دوراً فاعلاً واساسياً في هذا المجال ولكل ذلك فقد شرع هذا القانون.

د.روژ نوري شاويس

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو پرۆژەیە لەگەڵ پرۆژەیەكی تر كە لە ئیدارەی سلێمانی هاتووە، ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و، هەروەها بۆ لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار، بۆ ئەوەی بۆ كۆبوونەوەكانی داهاتوو ئامادەی بكەن و، هەوڵ بدەن لە هەردوو پرۆژەكە پرۆژەیەكی یەكگرتوو دروست بكەن، ئەگەر پێویستی كرد لە كۆبوونەوەی داهاتوودا ئەو پرۆژەیەی كە لە ئیدارەی سلێمانییەوە هاتووە، ئەویش پێشكەش بكەین، زۆر سوپاس، ئێستا با دوو ئەندامی لیژنەی ناوەخۆ بفەرموون بۆ ئێرە بچینە سەر خاڵی سێیەم، بەڵێ دوو كەس لە لیژنەی یاسایی بۆ خاڵی سێیەم كە بریتیە لە خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەیئەتی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق، فەرموو دەست پێ بكە بە خوێندنەوە.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**استناداً لإحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان-العراق وعملاً للفقرة (أ) من المادة (٥٤) من قانون إدارة دولة العراق الاتحادية وبناءً على ما قدمه مجلس الوزراء لإقليم لكوردستان-العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:-**

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٤**

**قانون الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان-العراق**

**التعاريف:**

**تكون للكلمات والمصطلحات الآتية المعاني المؤشرة إزاءها أينما وردت في هذا القانون:**

**١-رئيس الإقليم: رئيس إقليم كوردستان- العراق.**

**٢-الهيئة: الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان- العراق.**

**٣-رئيس الهيئة: رئيس الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان- العراق.**

**المادة الأولى:**

**تؤسس هيئة لأمن إقليم كوردستان-العراق تسمى الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان-العراق وتكون لها الشخصية المعنوية واستقلالها المالي والإداري.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئینجا بیرو ڕای لیژنەی یاسایی چیە؟ با بفەرمووێت.

## پاش پشوودان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەڕێزان کۆبوونەوەکە دەست پێ دەکەینەوە، ئێستا بەپێی ئەو بەرنامەیەی پێشکەشمان کردن، دێینە سەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ ئەوە پێویستە کەوا لیژنەی یاسایی یەکێکیان لێرە بن و، لیژنەی شارەوانی یەکێکیان لێرە بن، حەز دەکەن هیچ مانعمان نییە دوو ئەندامی لیژنەی شارەوانی لێرە بن، باشە فەرموون ئێستا دەست پێ دەکەین، بەڵێ ئێستا پاش ژماردنی ئەندامەکان بۆمان دەرکەوت کەوا لە سەرووی (٥٣)وەن، واتا ئێستا دەتوانین دەست بە کۆبوونەوەکە بکەین بەشێوەیەکی ئاسایی، فەرموو با لیژنەکە راپۆرتەکەی خۆی پێشکەش بکات.

**بەڕێز حسن عبدالكريم زمان برزنجی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم الاصدار:

تأريخ الاصدار:

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل بناء على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ // ٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

قانون رقم (  ) لسنة ٢٠٠٤ قانون المؤسسة العامة للسياحة في إقليم كوردستان العراق

الفصل الاول

التعاريف

المادة الأولى: يقصد بالتعابير آلاتية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون:

١-الإقليم: إقليم كوردستان العراق.

٢-مجلس الوزراء: مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق.

٣-المؤسسة: المؤسسة العامة للسياحة في إقليم كوردستان العراق.

٤-رئيس المؤسسة: رئيس إدارة المؤسسة العامة للسياحة في إقليم كوردستان العراق.

٥-الغرض السياحي: ويقصد به الراحة والاستجمام والرياضة والسياحة والتسلية والصيد ومشاهدة الأماكن التاريخية والأثرية والمناظر الطبيعية والأنشطة الترفيهية الأخرى.

٦-المرفق السياحي: ويقصد به أي نشاط يمارس فيه الغرض السياحي كالفنادق والمطاعم والكازينوهات والمنتجعات وغيرها من أماكن اللهو.

٧-المنطقة السياحية: ويراد بها المكان المؤهل لممارسة النشاط السياحي ويتحقق فيه الغرض السياحي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەوەی کەوا ماددەی یەکەم پێشکەش کرا، ئێستا با لیژنەکە بفەرمووێت لەو بارەیەوە قسەی خۆی بکات.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت رای ئێمە وەك لیژنەی یاسا، لەبەر ئەوەی ئیقلیم تەعریف کراوە (الإقلیم: إقلیم کوردستان العراق)، فەقەرە دوو ببێتە (مجلس الوزراء: مجلس وزراء الإقلیم)، (٣-المؤسسة: المؤسسة العامة للسیاحة في الإقلیم)، (٤-رئیس المؤسسة: رئیس إدارة المؤسسة العامة للسیاحة في الإقلیم)، کوردستانی عێراق لا بچێت، چونکە بە ئیعتیبار ئەوەی کوردستانی عێراق لە ئەساسی ئیقلیم تەعریف کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو کاك عەبدولکەریم تۆ هیچ قسەیەکت هەیە.

**بەڕێز شێخ عبدالکریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو پرۆژەی کە لە لیژنەی خۆمان دوو پرۆژەیە، پرۆژەی ئیدارەی سلێمانی، پرۆژەی ئیدارەی هەولێر بۆ سیاحیەکە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئیختیلافی فەقەرات و باب و ئەوانە، تەقریبەن یەك هەدەفیان هەیە و یەك شێوە داڕێژراوە، ئیلا ئەگەر شتی قانونی لوغەوی تیا بێت، بەڵام جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە، کە ئیمڕۆ بە مەحزەری جەلسە کاك عەلی دەیخوێنێتەوە بۆ جەنابتان و بۆ ئەندامانی پەرلەمان، لە ئیدارەی سلێمانی سیاحە لەگەڵ ئاسار دەمج کراوە لە پرۆژەکە، بەڵام لە پرۆژەی ئیدارەی هەولێر ناوی ئاسار نەهاتووە، جا داوا دەکەین لە سەرۆکی پەرلەمان دیراسەی بکات، یاخود بیاننێرنەوە بۆ هەردوو لایان لەگەڵ ئامادە بوونی خاوەن پرۆژەکان، بۆ ئەوەی کە چارەسەری بکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حمە عەلی تۆفیق.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی شارەوانییەکان هەردوو پرۆژەی هاتوومان گفتوگۆ کردووە، تەقریبەن هەردوو پرۆژەکە ناوەڕۆکیان یەکە، ئیلا تەنها ئەوە نەبێت ئیدارەی سلێمانی شوێنەواری دەمج کردووە لەگەڵ سیاحە، کە بەڕاستی بەڕای شەخسی ئێمە ئەو شوێنەوارە شتێکی تایبەتمەندیەو عیلاقەی بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەیە، واتا شتی تاریخی و رۆشنبیری و سەقافییە، یەعنی ئەوە لەگەڵ سیاحیەوە ناکرێت، بەڵام لەپرۆژەی ئیدارەی هەولێر (لغرض المشاهدة) تەنسیق دەکات لەگەڵ شوێنەوار کە سیاح بێنێ، بۆ ئەوەی موشاهدەی ئەو شوێنانە بکات، کەوا تاریخی بەسەرەوەیەو، هەتا ئیشوکاریشی بۆ بکەن، بۆ نموونە بۆ دروست کردنی میوانخانەکان و گازینۆیەکان و پارك و ئەو شتانە، ئینجا ئێمە وەکو لیژنە بە چاکمان زانی ئەم بابەتە بخەینە بەر دەستی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، ئایا ئەوە کامیان چاکە؟ ببێ، یان

نەبێت و، باقی ئەوانی تر، بەڕاستی تەقریبەن هەمووی وەکو یەکن، هەموو فکرەکان یەکە، هەموو یەك بابەتە، لەبەر ئەوە هیچ کێشەیەك لە نێوانماندا نییە، ئەوەش کێشە نییە برادەران با گفتوگۆی لەسەر بکەن، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە پێش ئەوەی بگەینە بڕیارێك لەو بارەیەوە، حەز دەکەین لەسەر ئەو وتانەی کەوا کاك حمە عەلی تۆفیق و کاك شێخ عەبدولکەریم پێشکەشیان کرد، هەندێ بیر و را ئاڵوگۆڕ بکەین، بزانین چی بکەین، پێشنیازەکەی ئەوان قەبوڵ بکەین، کەوا بیگەڕێنینەوە بۆ خاوەن پرۆژەکان، بۆ ئەوەی بەسەر ئەوانەدا بچنەوەو، لە پاشان قسەی لەسەر بکرێت، یان بڕیارێکی تر لەو بارەیەوە بدەین، ئینجا کێ دەیەوێ لەو بارەیەوە بیرو رای خۆی پیشان بدات، بۆ ئەوەی رەچاو بکرێت، با بفەرمووێت، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە مەوزوعی ئاسار مەوزوعێکە، نەك تەنها بۆ پیشاندانی سیاح و، بۆ تەرفیە بەکار بهێنرێت، بەڵکو مەسەلەیەکی تاریخی و زۆر جاریش سیاسییە، ئەو جێگەی ئێستا کە شوێنەواری لێیە، کە ئێستاکە دەکاتە وەزارەتی رۆشنبیری باشترین شوێنە هیچ جێگای لیرە نییە لە رووی ئیداریەوە، تەنها بەو شێوەیەی کە هاتووە شێوەیەکی دروست بێت، من پێم وایە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار جیا نەکرێتەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری پەیوەندی بە سیاحەوە نییە، تەنها سیاحە دەتوانێت ئیستیفادەی لێ بکات، کە بۆ نیشاندانی کەلتور و تاریخ و ئاستی رۆشنبیری و هونەری میللەتەکەی خۆی، بەڵام لە ئەسڵدا پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری بۆچوونەکانی کاك سەعدی دەکەم، فیعلەن پێشوو تریش شوێنەوار لە یاسای وەزارەتەکاندا پەیوەندی راستەوخۆی بە وەزارەتی رۆشنبیری هەبووە، بەپێی ئەو بۆچوونانە کە باس کرا، لەبەر ئەو هۆیانە پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیری هەیە و، سیاحەش کاتی خۆی پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانی هەبووە، ئێستا راستە ئەم موئەسەسەیە تازە دروست دەکرێت، بەڵام ئەم موئەسەسەیە وەکو کاك عەلی تۆفیق باسی کرد، دەتوانرێت لەو روووە تەنها بۆ ئەو مەجالانە ئیستیفادەی لێ بکرێت لە شوێنەوار، ئەگینا شوێنەوار بۆ خۆی شتێکی مێژووییە، پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری کاروبارەکانی هەڵسورێنێت و، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەلال خۆشناو.

**بەڕێز جلال سليم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش ڕەئيم لەگەڵ هەردوو بەڕێزان كاك سەعدی و كاك د. ناصحە، چونكە ئاسار خۆی لە خۆيەوە، مەفروزە هەر موئەسەسەيەكی گەورە بێت چ عيلاقەی بە سياحەوە نييە، بەس سياحە عيلاقەی بە ئاسارەوە هەيە، دەتوانێت سەفەرات ڕێك بێخات و شوێنی ئەسەری پێشانی خەڵك بدات، شوێنی ئەسەريشمان لە كوردستان زۆرە، لەبەر ئەوە سياحە هەر بە تەنيا بمێنێتەوە باشترە، شوێنەواريش هەر سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبيری بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك جەلال فەرموو كاك حەميد سەليم ميران.

**بەڕێز حميد سليم ميران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش هەر لەگەڵ ئەوە دام، كەوا لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبيری بمێنێتەوەو، ئەگەر دەيانەوێت زياتر بايەخی پێ بدرێت، با قانونێك بۆ موئەسەسەی شوێنەوار دابندرێت، نەك لەگەڵ سياحە بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك حەميد ميران، فەرموو كاك د. ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د.ڕزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسەی زێدەتر نيينە لە قسەی برادەران كاك سەعدی و كاك د. ناصح و جەماعەتی دی، هەر ئەڤەيە گرنگی ئاسارێ ئەبێت تايبەتمەندی خۆی هەبێت، فيعلەن موديريەكی خاصی خۆی هەبێت پێ خەمێ ژێ خۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك د. ڕزگار، فەموو مامۆستا حسێن عارف.

**بەڕێز حسين عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای من بە پێچەوانەوەيە، بەڕاستی كاتێك كە دەبينم شوێنەوار بەستراوەتەوە بەم دەزگايەوە بە كيانێكی زياتر، چونكە كە دەڵێی ئاسار شتێكی كەم نييە، لە واقيعی حاڵدا وابزانن، يەعنی لە سلێمانی هەر بڕياريشی بۆ دەرچووە، كە ئاسەوار بەستراوەتەوە بەم دەزگايەوە، يەعنی ئەوە مانای بايەخدانە بە شوێنەوار لە جياتی ئەوە، هێشتنەوەی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبيری، وەكو موديريەتێكی ئاوا مەسەلەن لاوەكی دەمێنێتەوە، مەسەلە هەر ئەوەش نييە كە ئەو شوێنە تەرقيم تيا بكرێت و تۆ بيپارێزيت، دەشێت هەر ببێتە شوێنێكی سياحی، شوێنی سياحيش ئاشكرايە كە چ بايەخێكی هەيە، جگە لەوەی كە ئاسارەكان تۆ دەيپارێزی، لەبەر ئەوە من لەو باوەڕە دام كە بەستنەوەی بە دەزگاكە زۆر زياتر لە مەسڵەحەتی شوێنەوارە، وەك لەوەی كە باستان كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاكەڕەش ئەگەر وەڵامێكتان هەيە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خۆی مەوزوعی شوێنەوار دەبێت زۆر زۆر بایەخی پێ بدرێت، بەڕەئی من بە شتێکی تایبەتی، چونکە دەبێت ئاسار رەقیبێکی لەسەر بێت، چونکە ئەگەر ئێستا رەبت بکرێت بەو هەیئەیە، ئیحتیمال هەیە ئەو هەیئەیە کەس نییە رەقیب لەسەری، ئیحتیمال هەیە دەستکاریەکی شوێنی ئاسار دەکات بۆ سیاحە، یان بۆ مەسائیلی تر، بەڵام ئەگەر بیەوێ ئوتێلێك بکات لە هەر جێگایەك، دەبێت رەئی ئاسار وەربگرێت، بزانێ موخالیفی تەصمیم و قەراراتی ئاسەوارە یان نا، ئەگەر نا ناتوانێت بیکات، جا بە رەئی من نەك مەوزوعەکە مودیریەی عامە، وەکو کاك حەمید گوتی با موئەسەسەیەك دروست بکەین بۆ ئاسار، ئاسار دەبێت زۆر ئیهتیمامی پێ بدرێت، نەك ون بێت و بچێت بە کەیفی خۆی هەیئەتێکی سیاحە بە کەیفی خۆی شوێنەواری ئاسار تێك بدات، وەلا ئوتێل دەکات، جێیەکی ئەسەری کردووە، مەعالیمی جێگایەکە بگۆڕی، ئەگەر رەقابەیەکی زۆر زۆر دەقیق هەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی هەموو دەوائیر، نابێت هیچ دائیرەیەك حەرەکە بکات و، هیچ مەشروعێك لە هیچ جێگایەك بکات، ئەگەر موافەقەتی ئاسار وەرنەگرێت، ئینجا لەکن من مەوزوع ئەوە نییە لە رۆشنبیریە، یان لە جێگایەکی ترە، دەبێت لە جێگایەك بێت ئیهتیمامی زۆر پێ بدرێت و، کیانێکی سەربەخۆی هەبێت و، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت دەستکاری ئاسەوار بکات، ئەوجا با موئەسەسەیەکی بۆ دروست بکەین، بەڕەئی من پێویستی بە موئەسەسەیەکی ئەوها هەیە ئاسەوار، وەکو سیاحە، نەك وەکو مودیریەی عامە، یان وەزارەتی رۆشنبیری ئەگەر تەسەور وا بکرێت کەوا لەوێ نەتوانراوە وەکو پێویست، با هەیئەیەك موئەسەسەیەك بۆ ئاسەوار دروست بکەین، بۆ ئەوەی ئیهتیمامی پێ بدەین و، شوێنەوارەی میللەتەکەمان ببوژێنینەوە، ئەو وەختی سیاحەش دەتوانێت ئیستیفادە لەو جێگایانە بکات، بەڵام ناتوانێت دەستکاری جێگاکانی تر بکات، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو رەقابەیە هەر هەبێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، باشە ئێستا ئێمە دەبێت مەسەلەکە یەك لا بکەینەوە، ئایا ئەو یاسایە ئێمە بۆ دەزگای گەشت و گوزار دانێین، یان بۆ گەشت و گوزار و شوێنەواردکان، بزانین پەرلەمان لەو بارەیەوە چ بڕیارێك دەدات، ئەگەر بڕیارەکە وا بوو کە جیا بکرێتەوە، ئەوە ئەو وەختە ئێمە لەسەر پرۆژەی گەشت و گوزار بەردەوام دەبین و، لە هەمان کاتیشدا پێشنیاز دەکەین کەوا بۆ شوێنەوارەکانیش پرۆژەیەکی تر هەبێت و پێشکەشی بکەن و، منیش هەر لەو بارەیەوە حەز دەکەم ئەوە بڵێم گەشت وگوزار زیاتر ناوەکە لە خۆیەتی، زیاتر بۆ تەرفیهییە، بەڵام شوێنەوار لایەنێکی زانستی و مێژوویی تیایە، یەعنی زیاتر لێکۆڵینەوەی زانستی خۆی بەوەوە خەریك دەکات، ئەوە لە جێگای خۆیەتی کە بەرەو رووی وەزارەتی رۆشنبیری بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیهتیمامێکی تایبەتی بدرێت بە شوێنەوار، یەعنی ئەویش بکرێت بە دەزگایەکی تایبەتی، رەنگە ماقی خۆی زیاتر وەربگرێت، من هەر بۆ نموونە حەز دەکەم ئەوەتان پێ بڵێم جارێکیان کارێکم هەبوو لە لای پرۆفیسۆرێك لە ئەڵمانیا پرۆفیسۆرێکی زۆر مەشهورە (هومباغ) خەریکی دیراساتی ئێرانی ناوەڕاستە، گوتی من کوردستانم لە رێگەی نووسراوەکانی پەیکوولەیەوە ناسیووە، نووسراوەکانی پەیکوولی

به زمانی ( پەهلەوی) نووسراوە دەگەڕێتەوە بۆ دەروبەری سێ سەدی میلادی و، بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگە بەتایبەتی لەبارەی ئەوتیکرانەوە، کە پادشای ئەرمەنیەکان بووە، ئینجا ئەمە لەو کەسانەی کە خەریکی دیراسات و لێکۆڵینەوەی ئێرانین و، بەتایبەتی ئێرانی ناوەڕاست، کە بڵێی پەیکوولی یەکسەر دەزانن چیە و، گەلێك لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە، هەمووشی ئەو نەخشانە لەسەر بەرد هەڵکەندراوە لە دەروبەری سێ سەدی میلادی بە نووسراوی پەهلەوی، پاش ئەوەی کە ئێمە بۆمان دەرکەوت، کەوا ئەو تاشە بەردانە، چونکە تاشە بەردی زۆر گەورەیە، قاچاغچی دەستیان کردووە بە ئاودیو کردنی دوو پارچەی تریشیان لێ برد، باش بوو ئێمە فریای کەوتین، ئێستا ئەو تاشە بەردانە هەمووی گوێزراوەتەوە لە مۆزەخانەی سلێمانییە و، زۆر نرخێکی تایبەتی مێژوویی هەیە لەبارەی مێژووی ئێران و ئەمەرنستانەوەو، لەو لێکۆڵینەوانە بەتایبەتی کوردستان لە ڕێگەی ئەوەوە زیاتر ناسراوە، بەتایبەتی لە دامو دەزگا زانستیەکان، ئینجا جێگای خۆیەتی ئەگەر بێتو گرنگییەکی تایبەتی بدرێت بەو جۆرە شوێنەوارانە، سوپاستان دەکەم، ئێستا ئەگەر هەر کەسێکی تر لەو بارەیەوە قسەیەکی تری هەیە با بفەرمووێت، بڕیارەکە لەسەر ئەوەیە، ئایا ئێمە گەشت و گوزار بەتایبەتی پرۆژەیەکی بۆ دابنرێت، یان گەشت و گوزار و شوێنەوارەکان بێت؟ لەو بارەیەوە کێ دەیەوێت قسە بکات؟ کاك کەمال شاڵی فەرموو.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئاڕاستەی دوو لیژنەکەیە، ئایا ئەوان هیچ ئیستیفادەیان لە دراوسێیەکانمان کردووە؟ لەوێ چۆن یەعنی سیاحە و گەشت وگوزار، یان ئاسەوار دەبەن بەڕێوە، یاخود ئایا پەیوەندیان کردووە مەسەلەن وەکو میسر، میسر وڵاتێکی گەورەی سیاحی و ئاسارییە، ئایا ئەوانیش سەرچاوەکیان کردووە، یان پەیوەندیەکیان کردووە، یان لە خۆیانەوە هەردوولا دایانڕشتووە، یەعنی بەڕاستی ئەو لیژنەیە دەبوایە نەختێك بە بایەخ بوایە، ئیستیفادەمان لە تەجاروبی وڵاتانی دراوسێیەکان و دولی عالەم بکردابوایە، ئایا کردوویانە؟ نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە، کاك جەلال دەتەوێ قسە بکەی، فەرموو.

**بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەغدا شوێنەوار بە تەنیا دائیرەیەکی خاصە (المؤسسة العامة للأثار) و، لە میسریش (اثار) دائیرەیەکی خاصە و، سیاحەش هەیئەتێکی خاصە، وابزانم لە میسر لە هەموو شوێنێك زیاتر لە دنیا ئاساری لێیە و بە نرخترین ئاسار هەرەمەکانە و تەرمی فرعەونەکانە و ئەوانەیە و، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئەحمەد.

**بەڕێز احمد طاهر نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت پێشنیازی من ئەوەیە کە دەزگایەکی تایبەتی هەبێت بۆ شوێنەوار، ئەوەی فەرمووت مەسەلەی هەخامەنیشی پەهلەوی ناوەڕاست، زمانەکەمان دەگەڕێتەوە سەر هەخامەنیشی پەهلەوی

ناوەڕاست زمانی کوردی و، لەوێشەوە ئەگەر شوێنەوارێکمان مابێتەوە لەسەر بەرد یان لەسەر شاخ لە کەلتورەوە، بەو شێوە زمانە هەندێکی نووسراوەتەوە، جا ئێمە بۆ بایەخێکی یەکجار گەورە نەدەینە مەسەلەی شوێنەوار، چونکە ئێمە تا ئێستا پێویستیمان بە توراسی حەزاری هەیە، یاخود کەلوپوری شارستانیەتی خۆمان بدۆزینەوەو ئیحتیفازی پێ بکەین و هەوڵ بدەین ئاودیو نەکرێت، ئێمە چەند جارێك ئاگادارین ئاودیو کراوەو فرۆشراوەو دزراوەو رۆیشتووە، بەلاّم ئەوەی بە نرخە لامان هەیە و دەدۆزرێتەوە، یەعنی بەڕاستی پێویستی بە چاودێریەکی زۆر هەیە، ئەو شوێنەوارانە لە شوێنێکی باش قەیم بکرێت و، دەزگایەکی فراوانیش هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، واتا جیا بکرێتەوە لە سیاحە، سیاحە گەشت و گوزار و خۆشییە و گەڕانە و ئیتر ئەوەیە، بەلاّم شوێنەوار مەسەلەیەکی زانستی و مێژووییە، پێم باشە بە تەواوی جیا بکرێتەوە، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا ئەحمەد، بەلاّم من حەزم دەکرد ئەوەت بۆ روون بکەمەوە، کە هەخامەنشی فارسی باستارە، یەعنی کۆنە و، پەهلەوی فارسی و ئەوانەی لە پەیکوولی نووسراوەتەوە، ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئێرانی میانە، یان ناوەڕاست، ئەوانەی فارسی بە ئاسار بە خەتی میخی نووسراوەتەوە، ئەمانە بە خەتێکی تایبەتی نووسراوەتەوە کە هەر بەناوی زمانەکەوە نووسراوەتەوە، پێی دەڵێن خەتی پەهلەوی، کە هەر ئەویش گۆڕانکاریەکە بۆ خەتی ئارامی، حەزم کرد ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە، فەرموو کێی تر دەستی بەرز کردەوە؟ فەرموو کاك سەفین.

**بەڕێز مناف نادر قادر(سەفین):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەو پێشنیارە دام کە بەڕاستی شوێنەوار ئەهمیەتی تایبەتی خۆی بدرێتێ، بەلاّم لەم بارەیەوە پێم وایە ئێمە بڕیارێکی کرچ و کاڵ دەدەین، ئەگەر گوێ لە پسپۆڕەکان را نەگرین، یان بەتایبەتی ئەوانەی ئەو پێشنیارەیان کردووە لە ئیدارەی سلێمانی، کە ئەوانیش ئەو ئەهمیەتەی ئاسار دەزانن، بەلاّم کە لێکیان بەستۆتەوە لەگەڵ گەشت و گوزار حەتمەن ئەوانیش تەبریراتی خۆیان هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم گوێ لە پسپۆڕەکان و خاوەن هەردوو پرۆژەکە رابگرین، ئینجا ئێمە قەراری لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منش هەر لەگەڵ ئەو رەئیەم کە ئاسار لە سیاحە جیا بکرێتەوەو، پێویستیشە ئاسار یاسایەکی تایبەتی هەبێت و، دەزگایەکی تایبەتیشی هەبێت و، ئێمە کە ئێستا ئاسارمان رەبتی وەزارەتی رۆشنبیری کردووە، تەقریبەن دەزگایەکی هامشییە و، ئەوە (١٢) ساڵە هیچ نەشاتێکی وای نییە، ئەسڵەن عیلاقەی بە سیاحەوە نییە، تەنها ئەو خاڵە نەبێت و، هەتا لەوانەیە عیلاقەی بە رۆشنبیریش نەبێت بە حەقیقەت،

دەزگایەکی تایبەتی بێت و، دەبێت میزانیەکی سەربەخۆی هەبێت و، فروعێکی زۆری هەبێت هی دەوائیر، بۆیە دەبێت ئیهتیمامێکی تایبەتی بدرێتێ و، دەزگایەکی تایبەتی هەبێت و، یاسایەکی تایبەتی هەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە، من وا دەزانم باس کردنی ئەو مەسەلەیە سوودێکی هەبوو، کەوا لەمەولا بایەخێکی تایبەتی بدرێت بە شوێنەوار، نەك وەکو ئێستا بەڕێز کاك شێروان ئیقتیراحی کرد، نەك ببەسترێتەوە بە وەزارەتێکەوە، بەڵکو دەزگایەکی تایبەتی بۆ دابنرێت، وەکو چۆن بۆ گەشت و گوزار داماناوە، باشە ئێمە ئێستا لەو بارەیەوە، ئایا یەك پرۆژە پێشکەش بکرێت، یان وەکو دوو پرۆژە پێشکەش بکرێت گەشت و گوزار و شوێنەوار جیا بکرێنەوە لە یەکتری لەسەر ئەوە داوا دەکەین، کەوا پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات، ئەوانەی کەوا لەگەڵ ئەوەن کەوا جیا بکرێتەوە، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدا نین جیا بکرێتەوە، کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ئێستا ئێمە لەسەر کۆبوونەوەی پرۆژەی گەشت وگوزارەکە دەڕۆین، ئێوە هیچ سەرنج و تێبینیەکتان هەیە لیژنەکان لەسەر ماددەی یەکەم، کەواتە ماددەی یەکەم وەکو پێشکەش کرا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە وەکو پێشکەش کرا دەستیان بەرز بکەنەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە ماددەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تێبینیەك بۆ ئەندامانی بەڕێز کە مەسەلە خرایە دەنگەوە ئیتر لەو بارەیەوە وتوێژ دەبڕێتەوە، کاك مەلا شاخی مەبەستم ئەوە بوو کە ماددەکە خرایە دەنگەوە، ئینجا دەستت بەرز کردەوە، باشە ڕەنگە ئەوە مەسەلەیەکی تر بێت جیا بێت لە مەسائیلی شوێنەوار و گەشت وگوزار، هەموو ئەو شتانە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتری هەیە، بەڵام جیاوازە، ئێستا با لیژنەی بەڕێز ماددەی دووەمان پێشکەش بکات.

**بەڕێز حسن عبدالکریم زمان برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

**التأسيس والاهداف**

المادة الثانية: يؤسس بموجب هذا القانون مرفق عام يسمى ( المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق) ويكون مركزها في اربيل ويرأسها موظف بدرجة خاصة وترتبط بمجلس الوزراء ويتم تعين منتسيبيها بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێکی زۆرم نییە، بەڵام وەکو لە پرۆژەی نەوت و غاز هاتووە، لێرەش پێویست ناکات (ویکون مرکزها في اربيل)، بەتایبەتی ئەو وەزعەی ئێستا هەر (ويرأسها موظف بدرجة خاصة) لەوێوە دەست پێ بکات، یەعنی ئەوەی مەرکەز ئەربیلەکە عەمەلی نییە و، ناشبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی تر لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە؟ با دەست بەرز بکاتەوە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز لطيف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر ئەوەندە دەڵێم ( ويكون مركزها في العاصمة) نەك (في اربيل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ با بفەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاڵی نەبووم لەو مەلاحەزەی جەنابی کاك شێخ لەتیف، ئەگەر بفەرمووێت دووبارەی بکاتەوە، بەلأم ئەوەی کاك سەعدی فەرمووی شتێکی زۆر تەبیعیە با موتلەق بێت، تاکو وشەی (مجلس الوزراء)ێك ئیشەکەی بەهی خۆی بزانێ، با ئێستا دەزگایەك مەقەرەکەی دیاری نەکرێت موشکیلە نییە، کەی ئینتیخابات کرا ئینشائەڵلا ئۆتۆماتیکیەن کە حکومەتێك تەشکیل بوو، ئەو وەختی مەقەڕەکان دێتە ئەو جێگایەی کە حکومەتەکەی تێدایە، زۆر زۆر تەبیعییە و، ئەوەش لا بچێتن وشەی (المؤسسة العامة للسياحة في الاقليم) بە ئیعتیباری وشەی ئیقلیم لە ئەساسەوە زیکر کراوە، دووبارە بە موختەسەر تر بێت، (المؤسسە العامە للاقليم ويرأسها موڤف بدرجە خاصە وترتبگ بمجلس الوزراو ويتم تعين منتسيبيها بقرار من رئيس مجلس الوزراو) ئەوە نەصی ماددەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو تەعریفەی ئەو موئەسەسەی کە دادەمەزرێ، لێرەیە زەرووریە (المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق) بوترێت، بەڵێ لە شوێنەکانی تردا فەیدی ناکات، بەلأم ئەوە تەعریفی ناوی موئەسەسەکەیە بە کاملی دەبێت بوترێت، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێستا لیژنەکە بفەرمووێت دوا داڕشتنتان بۆ ئەو ماددەیە چۆنە؟

**بەڕێز حسن عبدالكريم زمان برزنجی:**

المادة الثانية: يؤسس بموجب هذا القانون مرفق عام يسمى ( المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق) يرأسها موظف بدرجة خاصة وترتبط بمجلس الوزراء ويتم تعين منتسيبيها بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێستا بەو شێوەیەی پێشکەش کرا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە بەو شێوەیە بێت؟ دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، فەرموو لیژنەکە ماددەی سێیەم بخوێنێتەوە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم زمان برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: للمؤسسة شخصية معنوية واستقلال مالي واداري.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێت با بفەرموویێت، بەڵێ ئەگەر كەس نییە ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ماددەی سێیەمە بەو شێوەیەی پێشكەش كرا دەستیان بەرز بكەنەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ نییە دەستیان بەرز بكەنەوە؟ ماددەكە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، فەرموو لیژنەكە با ماددەی چوارەم دەست پێ بكات.

**بەڕێز حسن عبدالكریم زمان برزنجی:**

المادة الرابعة: تهدف المؤسسة الى تحقيق ما يلي:

١- تشجيع الحركة السياحية باعتبارها مصدراً اقتصادياً مهما من مصادر الثروة القومية للاقليم.

٢- توسيع الحركة السياحية في الاقليم والاهتمام بالمناطق السياحية المختلفة واستثمارها للاغراض السياحية.

٣- رفع المستوى السياحي للمرافق السياحية المختلفة في الاقليم وبما يكفل تقديم افضل الخدمات للسواح عند الاقامة او التنقل بين المناطق السياحية.

٤- تطوير الحركة السياحية في الاقليم باعتبارها نشاطا اعلامياً وثقافياً وحضارياً وبما يؤدي الى اجتذاب اكبر عدد من السياح من مختلف ارجاء العالم وتعريفهم بتراث شعب كوردستان وحضارته بما يتضمن ابراز تضحيات هذا الشعب وكفاحه في سبيل نيل حريته.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كێ دەیەوێ لەو بارەیەوە قسە بكات؟ فەرموو دەستیان بەرز بكەنەوە، ئەو ناوانەی كە تا ئێستا نووسراوە (مامۆستا حسێن جەنبەلی و مامۆستا مەلا شاخی)، فەرموو مامۆستا حسێن.

**بەڕێز حسین جنبلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم یەكەم (تشجيع الحركة السياحية باعتبارها) لە جیاتی (مصدراً) (مورداً اقتصادياً مهما من مصادر الثروة القومية للاقليم)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك مەلا شاخی.

**بەڕێز ابو بكر محمد حاجی (ملا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەیەك بكرێتە (باعتبارها مصدراً اقتصادياً مهماً من مصادر الثروة الوطنية) و، ئەو شوێنانەی گەشت و گوزارین بۆ هیچ مەبەستێكی تر بەكار نەهێندرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێی تر هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێت؟ فەرموو لیژنەكە وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە دەڵێی (تشجيع الحركة السياحية باعتبارها مصدراً اقتصادياً) شتێكی زۆر تەبیعیە، چونكە سەرچاوەیە، نابێت ناوی لێ بنێین مەورد، چونكە مەورد مانای ئەوەیە كە سابیتە و دێ، بەلاّم ئەمە سەرچاوەیەكە و مەفروزە ئەو سەرچاوەیە ئیستیقبال بكرێت، ئەوەی كاك مەلا شاخی فەرمووی (الثروة

القومية) شتێکی زۆر تەبیعی، یەعنی هی میللەتەکەی خۆمانە، بەلأم ئەگەر برادەران رەئیان لەسەر ئەوە بێت بکرێتە (وطنية)، ئێمە هیچ مانعمان نییە، بەلأم خۆی بەراستی سیاحە لە کوردستان سەروەیەکی قەومییە، با برێك ئیبرازی قەومیی خۆمان بکەین، زۆر شتمان هەمووی هەر کوردستانیە، زۆرمان کردووە بای ئەوەندەی با ئەوە قەومی بێت، ئەگەر برادەرانیش پێیان باش بێت (وطني) بێت، ئێمە وەك لیژنەی یاسایی مانعمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە قسەکانتان تەواو لەو بارەیەوە، کێ هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێت؟، با بفەرمووێت، بەڵێ ئەگەر کەس نییە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، حەز دەکەم بە کاك مەلا شاخی بڵێم کە دەڵێت (الثروة القومية او وطنية) هەردووکیان هەر یەك مانا دەگرێتەوە کێ لەگەڵ ماددەی چوارەمە بەو شێوەیەی پێشکەش کرا دەستیان بەرز بکەنەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە دەستیان بەرز بکەنەوە؟ ماددەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، لەبەر ئەوەی زۆر جار گوێمان لە دەنگی تەلەفۆنی مۆبایلەکان دەبێت لەناو قاعەکە، لەمەولا هەر کەسێ دەبێت چۆن چەك دەکرێت، لەمەولا مۆبایلیان دەکەین و ناهێڵین کەس بە مۆبایلەوە بێتە ژوورەوە، چونکە ئەوە نەختێك ئارامی ناو هۆلەکە تێك دەدات، ئینجا تکایە ئەو کەسانە یان مۆبایلەکەیان بکوژێننەوە، یان لەبەر دەرگا لێیان وەردەگرین، زۆر سوپاس، فەرموو لیژنەکە ماددەی پێنج پێشکەش بکات.

**بەڕێز حسن عبدالكريم زمان برزنجي:**

**المادة الخامسة:**

تسعى المؤسسة الى تحقيق اهدافها بالوسائل التالية:

١- العمل على استغلال المصادر الطبيعية في الاقليم كالجبال والشلالات وشواطيء الانهار والبحيرات وينابيع المياه المعدنية وتطويرها بما يحقق الغرض السياحي.

٢- استثمار وتطوير الاماكن التأريخية والاثرية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

٣- انشاء المجمعات والفنادق السياحية ومحلات التسلية والترفيه والمتنزهات وغيرها من المرافق السياحية.

٤- تشجيع ودعم القطاع الخاص للنهوض بالحركة السياحية في الاقليم بمختلف الوسائل كتخصيص الاراضي للمواطنين لغرض انشاء المرافق السياحية المختلفة ووفق شروط خاصة تتحدد بتعليمات يصدرها مجلس الوزراء.

٥- تأجير واستئجار المرافق السياحية المختلفة.

٦- تأسيس الشركات السياحية المختلفة.

٧- تسهيل تقديم الخدمات المصرفية في المناطق السياحية.

٨- تشجيع الشركات الاجنبية والمستثمرين الاجانب على الاستثمار في مجال السياحة في الاقليم.

٩- اقامة الدورات التدريبية لتطوير كفاءة الكوادر السياحية.

١٠- انشاء مكاتب ووكالات سياحية داخل الاقليم وخارجه لتقديم الخدمات السياحية.

١١- تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية من مختلف دول العالم من والى الاقليم.

١٢- بث الوعي السياحي عن طريق وسائل الاعلام المختلفة.

١٣- التعاون والتنسيق مع الجهات المختصة في الاقليم على ابراز خصوصيات شعب كوردستان وتضحياته وتجسيد ذلك عن طريق اقامة النصب التذكارية والمعارض والنشاطات الفنية المختلفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەم بارەیەوە قسەی هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە؟ تا ئێستا ئەم دوو بەڕێزە دەیانەوێ قسە بکەن کاک حسێن جەنبەلی و کاک بورهان جاف، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی (٩) بە عام هاتووە، دەڵێ (اقامة الدورات التدريبية لتطوير كفاءة الكوادر السياحية) باشە بۆ ئەو دەوراتانەی لە دەرەوە دەکرێت بەشدار نەبن کادیری سیاحی و بۆ ئەوەی مەعلومات زیاتر وەربگرن، ئەگەر ئیجازە بدەن جەنابتان من صیاغەیەکی ترم هەیە بۆ فەقەرە نۆ (اقامة الدورات التدريبية في الاقليم والمشاركة في الدورات التي تتم في خارج الاقليم لتطوير كفاءة الكوادر السياحية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو مامۆستا حسێن جەنبەلی.

**بەڕێز حسین جنبلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم (العمل على استغلال المصادر الطبيعية) لەجیاتی (المصادر) بکرێت بە (المظاهر الطبيعية في الاقليم كالجبال والشلالات) و، لەجیاتی (وشواطيء) بکرێتە (وضفاف الانهار وشواطيء البحيرات) ئەوە یەك، بەنیسبەت خاڵی چوارەم ئیزافەی لێ هەیە ( ودفع القروض للاراضي في المناطق السياحية لغرض اقامة المنشاة السياحية)، خاڵی پێنجەم و شەشەم ئەو (المختلفة) دەبینم زیادە (تأجير واستئجار المرافق السياحية المختلفة)، (تأسيس الشركات السياحية المختلفة)، ئەو (المختلفة) زیادە، ئەگەر خاڵی شەشەم بکرێتە (تأسيس الشركات السياحية ذات القطاع المختلط كي لا يكون الهدف الاساسي الربح وانما الخدمة ايضاً)، بەنیسبەت فەقەرەی یانزدە (تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية من والى مختلف دول العالم)، (أو من والى الاقليم) زیادە، فەقەرەیەکی تر لە دوای زیاد بکرێت:

١٤- اعفاء المشاريع السياحية من ضريبة الدخل واجور الماء والكهرباء لمدة ثلاث سنوات من تاريخ الانشاء.

١٥- انشاء وفتح الطرق المؤدية الى المناطق السياحية.

١٦- تنظيم الخرائط والمعلومات عن المناطق السياحية واصدار دليل سياحي.

١٧- استحداث كلية للسياحة لتخريج ادلاء ومشرفي السياحة.

١٨- اقامة المهرجانات السياحية والفعاليات الاقتصادية.

لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کێی تر هەیە قسە بکات لەو بارەیەوە؟ فەرموو کاك نیعمەت.

**بەڕێز نعمت عبدالله پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك چۆن لە بڕگەی دوو هاتووە لە ماددەی پێنج (استثمار وتطوير الاماكن التأريخية والاثرية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة) ئاواش بۆ ئەو شوێنە سیاحانەی کە ئێستا بۆ غەیری غەرەزی سیاحە بەکار دێت، پێویستە رەئی سیاحە وەربگیرێت، یەك لە واجیبەکانی بێت لە هەدەفەکانی بێت، ئەوە بنووسرێت ئەوە زۆر پێویستە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئیبراهیم.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەك هەرێمی کوردستان خۆمان بە بەشێك لە عێراق دادەنێین، دەبینم هیچ باسی عێراق لێرە نەکراوە، یەعنی هەتا ئێستاکە باسی سەفراتی سیاحی دەکرێت، زۆربەی ئەو سەفراتە سیاحیانە لە بەغداوە بۆمان دێت، یان لە خوارەوە بۆمان دێت، یەعنی (تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية من مختلف دول العالم) باشە ئەی عێراق، یەعنی فەقەرەیەکیش هەبێت؟ بۆ تەعاون و تەنسیق لەگەڵ جیهاتی سیاحی عێراقی ببێتن باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو زەهرا خان.

**بەڕێز زهراء حاجى طه سليڤانى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام سیاحیە و شوێنەوار لێك جودا کرد، باشتر نیینە بڕگە دووێ ئەم بهێلین بۆ شوێنەوارە، (تطوير) بێتە شولێ شوێنەوارە، مادام جودانە هەردووك، ئەڤ بڕگە بچێت بۆ جێهێ شوێنەوارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەسی تر ماوە لەم بارەیەوە سەرنج و تێبینیەکی هەبێت؟ ئەگەر نییە با لیژنەکە بفەرموون وەڵامی ئەو سەرنج و تێبینیانە بدەنەوە،

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك بورهان فەرمووی (اقامة الدورات التدريبية لتطوير كفاءة الكوادر السياحية) مانای ئەوە نییە ئیقامەکە هەر لە عێراق بێت، دەتوانێت لە دەرەوەش ئیشتراك بکات، ئیقامە مانای ئەوە نییە خۆی لای دروست بکات، مانای ئەوەیە دەتوانێت کادیر بنێرێتە دەرێ، ئەوە دەکاتە دروست کردنی دەورەکە، ئیقامە یەعنی دروست کردن، ئینجا دەورەکە لە دەرەوە و لە ناوەوە هەمووی وەکو تەبیعی زۆر ئیعتیادی دەڕوات، ئەوەی زەهرا خان فەرمووی ئەوە زۆر لە پێشە لەگەڵ فەقەرە دوو بوو (وتطوير الاماكن التأريخية) بە ئیعتیبار باسی شوێنەوارەکان دەکات، دەفەرمووێ تەتویر بکرێت (بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة)، ئەو جیهەتەی کە عیلاقەی بەو هەیئەتە هەیە تەتویری بکات و جوانی بکات، بۆ ئەوەی ئاساریش

ئیستیفادەی لێ بکات و سیاحەش ئیستیفادەی لێ بکات و بە خەڵکی پیشان بدات، بەڵام سیاحە موتڵەقەن بەبێ شوێنەوار ناوێری دەست لە جێگا بدات و، ناوێریش دەستی لێ بدات، دەبێت ئیزن وەربگرێت، ئەوجا دەست لێ بدات، ئەوەی کاك حسێن فەرمووی (ضفاف الانهار وشواطيء البحيرات)، نازانم برێك ئەوانە لە ئەشعار زۆر دەگوترێت، فەرقی چیە (شاطيء النهر) لەگەڵ (ضفاف النهر)، بە رەئی من وشەیەکی وا نییە بڵێی زۆر ئیهتیمامی پێ بدەین، ئیلا بە مەفهومەکەی دەگۆڕێ، ئەگەر گوتمان (شاطيء) دەچێتە لایەکی تر، ئەگەر گوتمان (ضفاف) دەچێتە لایەکی تر، هەردووکی جائیزە بەکار بهێنرێت، بەڵام ئەو پێنج شەش فەقەرەیەی گوتی بەڕاستی تەدوینم نەکردووە، مەفروز بوو بە رەئی من تەقدیمی کردبوایە، بمان خوێندبووایە زۆربەی برادەرانیش لەوانەیە گوێیان وەکو پێویست لێ نەبێت، کە فەقەراتی گرنگی تێدا بێت ئیستیفادەی لێ بکرێت، ئەگەر شتێك باش بێت، برادەران لەلایان باش بێت شتێکی زۆر زۆر باشە، کاك نیعمەت فەرمووی مەشاریعی سیاحی و ئەو شتانە لە هەر جێگایەك بکرێت، کەس ناتوانێت بیکات، ئەگەر موافەقەتی سیاحی وەرنەگیرێت، دەبێت موافەقەتی وەربگیرێت، چونکە لە قانونەکە هاتووە، دەڵێ هەموو مەرافقێك بەپێی سیاحی دەبێت ئەوان موافیق بن، ئەوجا مونشەئە سیاحیەکە بکرێت و، ئەوان تەحدیدی مەنتیقەکە دەکەن، سیاحییە، یان سیاحی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك حسێن ئەوانەی پێشکەشت کردن بە نووسراو دەیهێنی وا نییە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بمبووری مولاحەزەیەکم لەسەر چوو، ئەو لە خاڵی پێنجەم و شەشەم فەرمووی کەلیمەی موختلفە بەکار نەهێنرێت، خۆی موختلیفە زۆر لە جێگەی خۆیەتی بە ئیعتیباری جۆراو جۆر موختەلەت بێ، موساهەمە بێت (ذات المسؤولية المحددة) بێت، لەبەر ئەوە وشەکە ناشیرینی نەکردووە هاتبێت، با بزانین چەند جۆرە شەریکەیەکمان هەبێتن، نەك شەریکەیەکی تابع موعەین، یان روبحی نەبێت، کەم هەیە شەریکات لە دنیا بەس ناوی شەریکە بێت و غەرەزی روبحی نەبێت، ئەی ئەو خەڵکە بۆ ئیشتیراك دەکات لەبەر ئەوەی، خۆ حکومەت مادام مەسرەفی هەیە، ئەو پارەیە سەرف بکات بەبێ ئەوەی غەرەزی روبح بێت شتی جوان بکات، بەڵام ئەگەر شەریکەیەکت دروست کرد بە تەئکید ئەو شەریکەیە ئیلا غەرەزی روبحە و، ناشتوانین شەریکەیەك دروست بکەین بەبێ غەرەزی روبح زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا چاوەڕێ دەکەین ئەوەی کاك حسێن بگات، کاك شێخ عەبدولکەریم فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالكريم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام باشە فەقەرە دووی ماددەی پێنج لا ببردرێت، چونکە ئیستسمار، یەعنی بە حەقیقەت بە موئەسەسەی سیاحە کە ئیستیسماری ئاسار و تاریخی بکات، جا بۆ ئەوەی چارەسەری بکات بیکاتە زات عیلاقە لە واقیعی کەم ناکاتەوە، ئیستیسمار موتڵەقە تەقریبەن، یەعنی بەکاری نەهێناوە بە تەواوی لاببردرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حمە تۆفیق.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو برگەیە زۆر گرنگە، چونکە زۆر سیاح دێت لە ڕێگەی موئەسەسەی سیاحەوە بۆ موشاهەدەو بۆ بینینی ئاسارەکان، جا لەبەر ئەوە دەبێت ئەوە بمێنێتەوە، چونکە هەندێ جار شتی سیاحی دائیرەی ئاسار نەیکات، بەڵام موئەسەسەی سیاحی بۆ ئیستیراحەتی سیاحیەکان، رەنگە هەندێ شت بکات لەو مەنتیقەیەی کە ئەوی لێیە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی زۆر پێویستە ئەوە بمێنێتەوە، لێرەشە دەڵێت (بالتنسیق مع الجهات ذات العلاقة)، یەعنی ئەگەر ئەوان رازی نەبن بە شتێك ناکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وشەی ئیستیسمار یەك نەوع دەگرێتەوە تەنیا، ئەگەر بێتو ئەو وشەی ئاسار مونشەئاتێکی هەبێت و، ئەگەر سیاحە لێی بەکرێ بگرێ، یان شتێك، بەڵام ئێستا ئیستیسمار مانای ئەوەیە فعلەن بەڕەئی من ئەگەر وشەی ئیستیسمار لابردرێت موشکیلە نییە، (وتطویر الاماکن التأریخیة والاثریة بالتنسیق مع الجهات ذات العلاقة) پێشکەوتوو بێت ڕێکی بخەیت و جوانی بکەیت و بە تەنسیق لەگەڵ ئەوان، ئەگەر ئیستیسمار کەمێك غەرەزی مادی زیاتر لێ دێتە وجود، ئیحتیماله ئەگەر نەشبێت هیچ موشکیلە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەوەی کە پەیوەندی بە فەقەرەی دووە، فەقەرەی دوو زۆر تەبیعیە، ئەگەر شتێکی ئەسەری یان جێگایەك هەبێت شانەدەرییە، یان ئەو ئەسەرانەی کە لە مەنتیقەی قۆپی قەراغە، دائیرەی ئاسار موکەلەف نییە جادەی بۆ بکات و کەپری بۆ لەوێ بکات و بازاڕ بکاتەوە، بەڵام دائیرەی سیاحە مەجبورە کەپر بکات و جادەی بۆ بکات و، بۆ ئەوەی خەڵك تەشویق بێت، بێتە ئەوێ فەنادق دروست بکات، کە لە فەقەرە دوو هاتووە (بالتنسیق مع الجهات ذات العلاقة) جیهاتی معنیە لەو حالەتە ئاسارە، ئیستیسماریش دیسان لە جێگای خۆیەتی، چونکە ئێمە ناڵێین ئەو موئەسەسانەی کە دادەنرێت، موئەسەساتی لەسەر ئەساسی ربح، خۆ (ماء السبیل) نییە، تەبعەن ئیستیسمار دەکات بۆ ئەوەی قازانج زیاتر بکات، قازانج زیاتر بکات زیاتر خەڵك دێت و، زیاتر خەڵك دێت ئەگەر تەسهیلی ڕێگا هەبێت نەوعێك لە خەدەمات هەبێت لەوێ تەقدیم بکرێت، کابرا لەوێ موحتاج نەبێت، من پێم وایە ئەوانەی کە خۆشمان لە هەندێك دیومانە ڕێگا ناخۆش بووە، یان ئاوی تیا نەبووە، نەچووینە و ئەوە ناکەین، ئەوانەی کاك حسێن فەرمووی سەبارەت بە (ضفاف) و (شاطیء) لە حالەتێکی قانونیدا من موشکیلەم لەسەر (ضفاف) و (قرائن) و (شاطیء) بێت، کاکەڕەش محامیم بێت، ئەکید بەو دوو وشەیەی دەیباتەوە، چونکە داخیلی دەکەم کێشەیەك دروست دەکەم، قانون

دەبێت نەصی وازیح بێت، بۆ ئەوەی هەتا محامی زۆر واسیع حیلەش نەتوانێت زەفەری پێ ببات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە هیچ قسەی هەبێت، باشە ئێوە کە پێتان گەیشت و پێشکەشی بکەن، فەرموو کاک سەید حەسەن چیت دەوێت بڵێی.

**بەڕێز حسن عبدالکریم زمان برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی ئیستیسمار بمێنێت باشترە، لەبەرچی؟ چونکە خۆی شوێنەوار بۆ چییە، بۆ ئەوەی سواحی بۆ بچێت، ئەوەش کێ دەیکات، سیاحە دەیکات، ئینجا ئەگەر نەیکات بۆ هەبێتن، بۆ ئەو ئیستیسمارە نەکات، لە پاشان هەر بۆ ئیقلیمی کوردستانە چ لە حەمد بێتن، چ لە زەید بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک کاکەڕەش بەڵکو ئەوەی پێشنیاز کراوە لەلایەن کاک حسێن جەنبەلیەوە پێشکەشی بکەیت.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١-تبدیل کلمة المصادر الطبیعیة الی کلمة المضاهر الطبیعیة، وتبدیل کلمة شواطیء الانهار بکلمة ضفاف الانهار واضافة کلمة الشواطيء الى البحيرات.

٤- اضافة الفقرات التالية الى الفقرة الرابعة.

بە حەقیقەت ئەو ئیزافاتانە موهیمە ئەوی تر وابزانم باسمان کرد (المظاهر الطبيعية) خۆی (المصادر الطبيعية) لە (المظاهر الطبيعية) جوانترە، مزهەر پیشان دانە، بەڵام مەصادر ئاوە مەصدەرە سەروچاوەیە.

والفقرات المطلوب اضافتها من قبل اخ حسين:

رابعاً اضافة الفقرة التالية الى الفقرة الرابعة و (دفع القروض لاصحاب الاراضي في المناطق السياحية لغرض اقامةالمنشآت السياحية).

(٥و٦) الفقرتين الخامسة والسادسة کلمة المختلفة) ئەوەشمان وابزانم وەڵام داوە.

(اضافة ذات القطاع المختلط كي لا يكون الهدف الاساسي الربح وانما الخدمة ايضاً) ئەوەندەمان تۆزێك باس کرد بوو موختلەت و موختەلیف و شتی وا، بەس اضافة الفقرات التالية:

١٤- اعفاء المشاريع السياحية من ضريبة الدخل واجور الماء والكهرباء لمدة ثلاث سنوات من تاريخ الانشاء.

١٥- انشاء وفتح الطرق المؤدية الى المناطق السياحية.

١٦- تنظيم الخرائط والمعلومات عن المناطق السياحية واصدار دليل سياحي.

١٧- استحداث كلية للسياحة لتخريج ادلاء ومشرفي السياحة.

١٨- اقامه المهرجانات السياحيه والفعاليات الاقتصاديه.

چوار فەقەرەیە تەقریبەن ئەوانی تر لە زمنی فەقەراتی تر بوون وەڵامماں داوەتەوە، بەس ئەو چوار فەقەرەیە بە رەئی ئێمە مەسەلەن:

(١٤-اعفاء المشاريع السياحية من ضريبة الدخل واجور الماء والكهرباء) مەفروزەئەوە ئیستیسمارات ئەوەی دیاری بکات، مومکینە لە سێ ساڵ پتر بێت، ئیحتیمالە مەشروع هەیە شەش حەوت ساڵی دەوێت هەتا دروست دەبێت، سێ ساڵیش لە ئینشا مومکینە کەم بێت، کابرایەك مومکینە بیست سی ما یوعادل ملیۆنی پێشان سەرف دەکات لە مەشروعێك سێ ساڵ عەفو بێت، مومکینە ئەو سێ ساڵە نەگاتە دەیەکی ئەو پارەیەی لێی سەرف کردووە، خۆی مەفروزە ئیستیسمارات ئەو شتانە تەبع بکات.

(١٥- انشاء وفتح الطرق المؤدية الى المناطق السياحية) ئەوە لە زمنی تەتویرەکە ئیستیسمارەکە دەیگرێتەوە، ئەوە کاك سەعدی پیشانی دا مومکینە چەند جێگایەك هەیە کابرا دەبێت رێی بۆ ببات، ئەوە سیاحە دەبێت بۆ غەرەزی خۆی بێت، حەتمەن گوتمان بۆ غەرەزی ربحە وەکو خۆی کاك سەعدی گوتی (ماء السبيل) نییە، کە لە جێیەکی دەکات رێگای بۆ دەباتەوە، شتێکی بۆ دروست دەکات، کە غەرەزی ربحە، بۆ ئەوەی ئوتێلێك بکاتەوە لەو جێگایانە.

(١٦- تنظيم الخرائط والمعلومات عن المناطق السياحية واصدار دليل سياحي) من لەگەڵ ئەوەیمە دەلیلێکی سیاحی هەبێت، بە حەقیقەت خەرائیت زۆر زەروری نییە، بەلأم دەلیلێکی سیاحی هەبێت، چونکە لە زمنی دەلیلەکە مومکینە خەریتەی خۆشی پەیدا دەبێت، فلان جێگا لە فلان جێگایە لە فلان شوێنە، ئەگەر ئەو موئەسەسە سیاحیە هەڵبستێت بە دروست کردنی دەلیلێکی سیاحی بۆ ناوەوەو بۆ دەرەوە بە چەند زمانێك بە عەرەبی و بە کوردی و بە ئینگلیزی و، بە چەند زمانێکی ئەجنەبی.

(١٧- استحداث كلية للسياحة لتخريج ادلاء ومشرفي السياحة)، بە رەئی من ئەوە لێرە برێك زەحمەتە، ئێمە ئەو فەرزە بکەین لەسەر جامعات، مەفروزە ئەوەی لێ بەگەڕێین بۆ جامعات، موئەسەسات هەیە و شت هەیە و قسەیان لەگەڵ بکرێت، کەی ئیمکانیات، کەوادیری فەنی هەبوو، بەنیسبەت دروست کردنی ئەو جۆرە کۆلیژانە خراپ نییە، خۆ ئەو کۆلیژانە هەبێ، مومکینە لە زۆر جێگا، ئیحتیمالە لە بەغدا کۆلیژی فەنادق هەیە، ئەگەر ئیمکان هەبێت، بەس بە رەئی من لە قانونەکەی ئێمە فەرزی بکەین لە ئێستاوە لەسەر جامیعەی و، ئیمکان نەبێت بکرێتەوە، هەوڵ بدەین لەگەڵ کۆلیژەکان ئەگەر ئیمکانیەتی فەنییان هەبوو بکرێتەوە.

( ١٨- اقامة المهرجانات السياحية والفعاليات الاقتصادية). ئەوە هەمووی ئیستسماراتە، ئەگەر ئەوانە هەموو بکات چوار عانە پەیدا دەکات، یەعنی ئەگەر خۆی کڕ بکات، مانای وایە فلسێکی پێ پەیدا ناکات، ئاو و ئاو دەچێ موئەسەسەکە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا دوا بڕیاری ئێوە چییە؟ ئەوانە هیچی رەچاو دەکرێ؟.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من اصدار دەبی فەرزی بکەین لە یەکێك لە نوقاتەکان، لە دەلیل سیاحیەکان، یەك لە نوقاتەکەی بکەینە چواردەمین، (اصدار دليل سياحي بلغات مختلفة)، ئەوە هەبێتن باشە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن، ئەوە خۆی تەحصیل حاصلە وەکو دەڵێن کە مدیریەتێك دانرا بۆ شتێکی وا، دەبێت خۆی هەست بەو شتانە بکات، بەلاّم (شواطیء الانهار والبحیرات)ە دەبوایە (محیطات)یشی تێدا بووایە، فەرموو کاك حمە علی.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی فەقەرەی دوانزە(بث الوعي السياحي عن طريق وسائل الاعلام المختلفة)، ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەو جۆرە ئیشانە ڕەبتە لەوێوە، لەگەڵ ڕێزماندا،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسادا شتە گشتیەکان باس دەکرێ، ئەو تەفسیلاتانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەزگایانە کە ئیش و کارەکان بکات، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال سلیم خوشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت رسوم اعفائات ماددەی هەژدەو نۆزدە موعالەجەی کردیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ماددەی هەژدە ئەوەی کاك حسین، وانییە؟

**بەڕێز جلال سلیم خوشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، ماددە هەژدەی قانونەکە موعالەجەی ئەو ئیقتراحانەی کاك حسینی کردیە بەنیسبەت رسوم و اعفائاتی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆرمان هەوڵدا کە خاتری کاك حسین بگرین، بەلاّم مەجالی تێدا نەبوو، شتەکانی وترا بوو، من ئەوەم ئینتیباه نەکرد، کە ئەو مدیریە بەو ئیشە هەڵدەستێ، بەلاّم دەلیلەکە پێم خۆشە کە دەلیلێکی سیاحیمان هەبی، یەعنی پێویستە دەلیلێکمان هەبی، لە نیزام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حسین چ قسەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز حسین جەنبەلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەی ماموستا جەلال پێشنیاری کرد، وتی موعالەجەی کردیە، موعالەجەی نەکرایە، چونکە ماددەی هەژدە دەڵێت لە فەقەرەتێت داهاتوو(تعفى المؤسسة من الرسوم كافة عدا الرسوم الكمركية)، ئەو بەحسی موئەسەسە دەکات نە مشاریعی سیاحی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاکەڕەش، فەرموو.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی اعفائات هاتیە، کاك حسین تەقەیدی کرد بە ماددەی هەژدە، دەبوایە بهاتایە نۆزدەش، چونکە ماددەی نۆزدە دەڵێت(شمول المشاريع والمرافق السياحية الداخلة ضمن التصنيف السياحي بالاعفاءات المقررة للمشاريع الصناعية)، مەشاریعی صناعی بە پێی قانونی صناعی بە شەکلی عام ئیعفائاتی هەیە، بۆ نموونە بڵێین مەعمەلی فلانی یەعنی مەعمەلی فلانی پێنج ساڵە مەعفییە لە زەریبەی دەخل لە زەرایب، لەبەر ئەوەی خۆی لەوەی نەدایە کە بە کامیلی بیکات، خۆی لەوەی نەدایە کە دەڵێت بە پێی ئەو قانونەی مەشاریعی صناعی تێیدا عەفوو کرایە، مانای وایە مەشاریعی عەفووە، مقابیلی ئەو عەفووەش بەبەردەکەوێ، لە نۆزدە ئەوەی موعالەجە کردیە.

ئەگەر لێرە وا بکەین لە دوانزە شتێك ئیزافە بکەین،( بث الوعي السياحي عن طريق وسائل الاعلام المختلفة وتنظيم دليل خاص بالسياحة)، کاك فرسەت ئەوە دەڕوا.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەڕوات، بەڵام اصدار نە تەنزیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا وەکو پێشکەش کرا بە گۆڕانکارییەکانەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی پێنجەم بەم شێوەیە بێت؟ کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم زمان:**

**الفصل الثالث**

**التشكيلات والصلاحيات**

المادة السادسة:

رئيس المؤسسة: هو الرئيس الادارى والمالي للمؤسسة ويشترط فيه ان يكون حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والكفاءة وان لا تقل خدمته عن خمس عشرة سنة بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

نائب رئيس المؤسسة: ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والكفاءة على ان لا تقل خدمتة عن عشر سنوات وينوب عن رئيس المؤسسة عند غيابه ويعيين بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

مدير عام السياحة: ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية في مجال السياحة وله خدمة سياحية لا تقل عن عشر سنوات ويعين بقرار من رئيس مجلس الوزراء.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەش تەنها ئەو کەلیمەی رەئیسی موئەسەسەی پاشی وان یكون حاصل نووسرایە حاصلا، لەدوای خمسه عشره سنه ويعين بقرار، چونکە ئەو کەلیمەیە نەهاتووە، (رئيس المؤسسة و رئيس مالي والاداري للمؤسسة ويشترط فيه ان يكون حاصلا على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والكفاءة وان لا تقل خدمته عن

خمسة عشرة سنة ويعين بقرار من رئيس مجلس الوزراء)، تەعینەکە لەوێ زیکر نەکرایە، کێ تەعینی دەکات؟ ئەوانی تر وترایە بەس ئەوە نە وترایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ هەیە لەم بارەیەوە قسە بکات، کاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وێ دبیژێت سەرۆکی موئەسەسە ( من ذوي الخبرة و الكفائة وان لا تقل خدمته عن خمسة عشرة سنة)چی مەجالی خدمە خمسە عشرە سنە مەجالێ ئیعلامێ مەجالێ ئیقتصادێ، بە تەئکید ڤێرێ مەجالێ سیاحییە، ژبەر هەندێ بێتە ئیزافە کردن، نائب الرئيس و الرئيس هەردوو لا تقل خدمته عن خمسة عشرة سنة في مجال السياحة، بۆ رەئیس و نائب رەئیس هەردووکانە نەدانایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کێی تر هەیە قسەی هەبێت لەم بارەیەوە، فەرموو کاك کمال.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵا من لە برادەران بیستم ئەو موەزەفەی کەوا دەبێتە سەرۆك، پێویست ناکات یەکێك لە زمانە ئەجنەبییەکان بزانێ، یەعنی هیچ نابێ ئینگلیزی بێ یان ئەڵمانی بێ یان شتێك بێ، چونکە موئەسەسەی عامی سیاحە بەڕاستی پەیوەندی هەیە زیاتر بە دەرەوە، نەك بە ناوەوە، یەعنی ئیلمامێك، شتێك ئیزافە ناکرێ، لەو مەوزوعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا بزانم ئەوە پێویست نییە، چونکە رەنگە لە مەرجەکان لە پاش ئەوە داوا بکەن شتی وای تێبخەن، ئەگەر نەیزانێ مەتەرجمێك دەتوانێ یارمەتی بدات، بۆ ئەو مەسەلانە، گرنگ ئەوەیە کە لەو مەوزوعەی کە بۆی دابێ، شارەزا بێت، کێی تر هەی قسەی هەبێت لەم بارەیەوە، باشە ئێستا وەکو ئەوەی پێشکەش کرا، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ زۆر سوپاس، ماددەی شەشەم وەکو پێشکەش کرا بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز حسن عبدالکریم زمان:**

المادة السابعة:

يمارس رئيس المؤسسة الصلاحيات التالية:

١-ادارة شؤون المؤسسة ويرأس جلساتها والاشراف على الدوائر التابعة لها.

٢-تمثيل المؤسسة امام المحاكم والدوائر ذات العلاقة.

٣-التوقيع على المخابرات التي تصدر عن المؤسسة.

٤-اقتراح الميزانية السياحية واعداد الملاك والموازنة السنوية والحسابات الختامية.

٥-الموافقة على صرف المبالغ التي لا تتجاوز خمسة ملايين دينار لكل حالة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كێ دەیەوێ لەم بارەیەوە قسە بكات با دەستی بەرز بكاتەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە بارەی فەقەرەی سێ وە كە دەڵێت(التوقیع علی المخابرات التي تصدر عن المؤسسة)، وای بە باش دەزانم اعطاء الصلاحیة لتوكیل الغیر للقیام بتوقیع عنه في حالة عدم وجوده)، چونكە مانای ئەوەیە ئەگەر ئەو لەوێ نەبوو، ئەم ئیشە ناكرێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ قسەی تری هەیە، فەرموو كاك نعمت.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوو،( تمثیل المؤسسة امام المحاكم والدوائر ذات العلاقة)، ئەوە اختصاصی شئونی قانونییە، یەعنی رەئیسی موئەسەسە بۆ بچێت لەمەحكەمە و لە دەوائیر تەنسیق بكات، ئەی دائیرەی قانونی هەیە، مومەسیلی قانونی هەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی كاك نعمت دەڵێ، هەموو رەئیس دائیرەیەك یەكێك تەخویل دەكات بە مومەسیلی بەشی قانونی بۆ ئەوەی نوێنەری بێ لە كاتی هەبوونی كێشەیەك، ئەوە تەحصیل حاصلە، بەڵام ئەو تەخویل دەكات، تەنها ئەوەی بەلای منەوە وازیح نییە، یان نەدەبوایە(الموافقة علی صرف المبالغ التي لا تتجاوز خمسة ملایین دینار لكل مرة)، دەتوانێ ٣٦٥ ڕۆژ لە حاڵەتی موختەلیف پێنج ملیۆن، پێنج ملیۆن صەرف بكات، یەك حاڵەت، یان لە حاڵەتی دووەم موافەقەی جیهاتی عولیا بێنێ، یان مەجلیسی ئیدارە بێنێ، یان چەند جار دەتوانێ ئیشی وا بكات، خۆ ئەو مەوزوعی مالیە تەحدید تر بكرێ باشترە، پێم وایە لە تەعریفی نائب رەئیس هاتووە كە رەئیس دەتوانێ تەخویلی بكات، ئەوە موشكیلەك نییە، سوپاس، بەڵام ئەوەی مالی وازیح نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك سعدی، فەرموو، كاك حمە علی.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ئەشكالەی كاك سعدی دەربارەی صەرفی ئەو پارەیە، ئەوە شتێكی ئیعتیادییە لە قانونی ئصولی محاسەباتی عامە لە میزانیەی هەر موئەسەسەیەك، ئەگەر هەر دائیرەیەك بۆ ئەو دائیرانەی كەوا صلاحیاتی صەرفیان پێ ئەدرێت بۆ هەرحاڵەتێك مەبلەغێك تەخصیص دەكرێ، كە ئەو رەئیسی دائیرەیە بۆی هەیە، هەتا ئەوەندە صەرف بكات، جا دیارە لێرەش بۆ رەئیسی موئەسەسە لە میزانیەی خۆی

بۆ ئەو حاڵەتە پێنج ملیۆن دیناریان دیاری کردووە، بۆ هەر ئیشێك، نەك بۆ هەر مەبەستێك، تەجزیئەی بکات، ئیشێکی گەورەی سەد ملیۆنی بکاتە بیست جار تا صەرفی بکات، بۆ ئیشێك دەتوانێ پێنج ملیۆن، لەوە زیاتر بوو ئیشەکە بوو بە شەش ملیۆن، دەبێت موافەقەی گەورەی خۆی وەرگرێ بۆ صەرفی، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەی کاك سعدی فەرمووی واریدە، (الی حد ما) بە حەقیقەت، ئەمما بۆ مەشاریعی نییە، ئەوە وەکو نەسرییەیە، بۆ حاڵاتی تاریئە، یەعنی مەشاریع مەفروزە تەندەری پێوە بێت، ئەمما ئەوە وەکو نەسرییەی دەوائیرە، بۆ نموونە پێویستی هەتا پێنج ملیۆن دینار پێویستی بە مەشاریعێکی سیاحی هەیە، مومکینە تانکەرێکی پێدەوێ، یان شتێکی پێ دەوێ، دەتوانێ بەبێ ئەوەی بگرێتەوە بۆ دائیرە رەئیسیەکەی تا موافەقات وەردەگرێ، بۆ حاڵەتی ئەوەیە، ئەو پارەیە وەکو نەسرییەیەك ئیعتیبار دەکرێ لە ژێر تەصەروفی رەئیسی دائیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د. عزالدین.

**بەڕێز عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەشتەکانی پێشوودا تێبینیم هەبوو کە کێ ئەم شتانە بەجێ ئەهێنێ، کێ سەرپەرشتی دەکات، بەتایبەتی ئەوەی هی شەهادە ئەوانە بوو، چونکە ئێمە دوو جار یاسای خوێندنی باڵامان دەرکردووە لێرە، هی ۱۹۹۳ و ۲۰۰٤/٦/۲۰ یش، جا نیشانت بدەم، کۆمەڵێك لەو شتانەی تێدا هەیە، فلان شەهادەی هەبێت، بەلام هیچی تەنفیز نەکراوە، شتی خوارتر هێنراوە لە زانکۆکاندا قەیناکات، بەلام ئەوەشیان شتێك هەیە، وا بزانم قانونە کە دەبێت بنووسرێت پێنج ملیۆن، بە کام پێنج ملیۆن، ئەگەر پێنج ملیۆنی ئێستا بێت، زۆر کەمە، بۆ رەئیس موئەسەسەیەکی وا گەورە، ئەوەندی قابیل بێت؟ تۆزێك بۆی زیاد بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی تەنها بەڕێز کاك سعدی لەسەر ئەوەی وتی، بەڕاستی چی نەماوە پاشی ئەو شەرحەی، وەکو خۆی ماوەتەوە، ئیعتیرازاتی ئەوەتۆی لەسەر نەبووە، جا نازانم رەئییان موقتەنیع بوو بەو نەسەرییە، یان موقتەنیع نەبوو، یان وەکو پێشنیار ماوە تەحدید بکرێت بۆی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە تەجروبەوە قسە دەکەم، ئیدارەم کردووە دەزانم، نەسرییە ئینسان دەتوانێ، هەمان بووە، وەزیرمان هەبووە نەسرییەکەی داوەتە دەست سایقەکەیەوە بردیتیەوە، دوایی خۆی وسولاَتی تەنزیم کردووە، تێدەگەی، ئێ هەیە، مادام هەیە باسی مەکە، بلێ (کیفیة الصرف یحدد بنظام)، با رەئیسی مجلیسی دائیرەکە بە نیزام بیکات، ئەگەر تەحدیدی مەبلەغ دەکەی؛ دەبێتە تکراری ئەو صەرفە، ئەویش تەحدید بکرێت، مرة واحدة في الشهر، یان مرتین في الشهر، یەعنی شتێکی لەو بابەتە، تەنها مەبەستم ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە ئێستا باس کرایە کە ئەو پێنج ملیۆنە زیاد بکرێت، دەستکاری ئەو پێنج ملیۆنە بکەن، چونکە بە حیسابی ئێستا هیچ شتی وا ناکات؟

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر ئیجازە بخوازن، شتێك ئیزافە بکرێت لەوە کاك سعدی فەرمووی(الموافقة علی صرف المبالغ علی ان لا تتجاوز خمسة ملايين دينار لكل حالة وفق الظوابط المالية)، یەعنی لە خۆرا نەیکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەتانەوێ، ئێستا بەم شێوەیەی کە خوێنرایەوە بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەنها ئەو ئیقتیراحە لە میزانیەش هەیە، وسولاَتی صەرف هەیە، دەبێت وسولاَتی حیساباتی ٣٢ بەکار بێنێ، دەبێت لیژنەی موشتەریات دیار بکات، چونکە هەموو زەوابتی مالی وایە، بەڵێ، مادام وایە هیچی زیاد ناکەین، وەکو خۆی بمێنێتەوە، کەمە زیادی ناکەین با وەکو خۆی بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە ئێستا ماددەکە وەکو خوێنرایەوە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز حسن عبدالکریم زمان:**

المادة الثامنة:

يتشكل مجلس المؤسسة من:

١-رئيس المؤسسة - رئيساً.

٢-نائب رئيس المؤسسة - عضواً ويحل محل رئيس المؤسسة عند غيابه.

٣-مدير عام السياحة - عضواً.

٤-مدير الشؤون القانونية للمؤسسة- عضواً.

٥-متخصص في شؤون السياحة والفندقة- عضواً.

٦-خبير اقتصادي- عضواً.

٧-عضواً اخر او اكثر من ذوي الاختصاص يراه رئيس المؤسسة ضرورياً لحضور جلسات المجلس من داخل او خارج المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا کاك فرسەت، دەیەوێت قسان بکات.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەکەم لەسەر فەقەرەی حەوت هەیە، چونکە ژمارەکان تەحدید نەکراینە، عضو اخر او اکثر، دوور نییە رەئیس موئەسەسە ئیستغلالی ئەو نوقتەیە بکات بۆ دەنگدان لەناو مەجلیسی موئەسەسە بەکەیفی خۆی بچێت چوار پێنجەکی بهێنێت تا زەمانی دەرچوونی رەئی خۆی بکاتن، لەبەر ئەوە من رەئیم ئەوەیە مواصەفاتی ئەو عوزوانە تەحدید بکرێن، چنە، چ ئەندامەکن؟ ژمارەکەیانیش بێتە تەحدید کرن، سوپاس، فەقەرە حەوت لە ماددەی هەشت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو بارەیەوە ئەگەر بە پێویست بزانرێ لەو بارەیەوە رەئی یەکێك وەربگیرێ خاوەنی ئیختیصاص بێت لەوە، دەتوانین بڵێین (داخل او خارج مؤسسة من دون ان یکون له حق التصویت)، فەرموو کاك شاخی.

**بەڕێز ئەبوبکر محمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر حەقی دەنگدانی نەبێت ژمارەکە دەبێت بە شەش، ئەو کاتە رەنگە سێ بەسێ دەرچن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆك لەچ لایەك بێت، رەئی لەو لایە دەبێت، کەسی تر هەیە لەم بارەیەوە بیەوێت قسان بکات، ئێستا دەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەم شێوەیە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو ماددەی نۆیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز حسن عبدالکریم زمان:**

المادة التاسعة:

يمارس مجلس المؤسسة الصلاحيات التالية:

١-رسم واقرار السياسة العامة للسياحة في الاقليم بعد موافقة مجلس الوزراء.

٢-المصادقة على العقود المتعلقة باقامة وتطوير المنشآت والمشاريع السياحية واستثمارها.

٣-المصادقة على اتفاقيات التعاون السياحي المعقودة مع الجهات الخارجية بعد موافقة مجلس الوزراء.

٤-المصادقة على مشروع الميزانية السنوية والملاكات والحسابات الختامية للمؤسسة ودفعها الى الجهات المعنية.

٥-لمجلس المؤسسة صلاحية تمليك المؤسسة الاراضي المملوكة للدولة والمناسبة للاغراض السياحية بدون بدل لضمان تحقيق اهدافها وعليها تعويض اصحاب الحقوق التصرفية فيها وكذلك قيام المنشآت والمغروسات من ميزانيتها الخاصة بموجب القوانين المرعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی پێنج سەلاحییەی تەمەلوك نەك تەمليك، چونكە تمليك لغيره، خۆی ئەگەر وەرگرێت تملك الاراضي، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاكەرەش قسەت هەبوو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی كە دەڵێت (لمجلس المؤسسة صلاحية تمليك المؤسسة الاراضي المملوكة للدولة والمناسبة للاغراض السياحية بدون بدل لضمان تحقيق اهدافها وعليها تعويض اصحاب الحقوق التصرفية فيها تعويضاً عادلاً من ميزانيتها الخاصة بموجب القوانين المرعية)، ئەوانی تر هەمووی لابردرێت، منشئات و ئەوانی تر، كە گوتت عادلا هەموو شتێك دەگرێتەوە، پاش (الحقوق التصرفية فيها تعويضاً عادلاً من ميزانيتها الخاصة بموجب القوانين المرعية)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك حمه علی.

**بەڕێز حمه علی توفيق ميرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وای دەبینم كە ئەمە وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە مەنتیقەی سیاحی لەو شاخ و داخانەیە كابرا ڕەزێكی هەیە، كوخێكی تێیدا كردیە، ئێستا موئەسەسەی سیاحی دەچێت، ئەوێ دەكات بە شوێنی سیاحی، دەبێت حیساب بۆ ڕەزەكە و بۆ تۆزە باخەكە و تۆزە ئاوەكەی كەوا بەكاری هێناوە چەند ساڵە بۆ خۆی حیسابی بۆ بكات، لەبەر ئەوەی باش هاتووە، چونكە باسی مونەشئات و مەغروسات و، ئەو شتانەش دەكات، من ڕاشم وایە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە وەكو خۆی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو كێ هەیە لەم بارەیەوە قسە بكات، فەرموو كاكەرەش.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەڵەن ئەوە باسی ئەرازی مەملوكە للدولە دەكات، كە مونتەقەلە بە حەقی تەصروف، باسی ئەرازی ئەمیریەی دەوڵەت ناكات، ئەوەی هی دەوڵەتە، باسی هەتا هی دەوائیری تریش ناكات، دەبێت بۆی تەخصیصی كرد، كە دەڵێت(مثقلة بحق التصرف)، مانای وایە ئەرزەكە مەملوكە بۆ دەولە، حەقی تەصروفی خەڵكیشی لەسەرە،(ثابتة بموجب احكام القانون)، ئەگەر كابرایەك پێی نەكرێ ئیسبات بكات حەقی تەصەروفی لەسەر ئەو عەردەی هەیە، بە تەئكید ئەرزەكە دەبێت بە ئەمیری، كە بوو بە ئەمیریە حەقی ئەوەی دەكەوێتن(التجاوز على الاراضي الاميرية)، بە چ نەوعێك كردیە تەجاوز، قانونی خاصی هەیە،

موعالەجەی مەوزوعەکە دەکاتن،(التجاوز على الاراضي الاميرية)، چ بە غەرس بێ، چ بە مونشەئات بێ، تەعویز دەکرێ، کە تۆ دەڵێی (تعويضاً عادلاً) مانای وایە چ شتێك لەسەر ئەو ئەرزەی بێ، مادام صاحێبی قانونەن حەقی تەصروف هەیە، مانای وایە بە مونشەئاتەوە، بە خانییەوە، بە مەغروساتەوە، هەرچی کردیتی حەقی تەصروفی هەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کێی تر هەبوو دەیویست قسە بکات لەم بارەیەوە، فەرموو کاك حمید.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك جار ئەو ئەرزانە هی وەزارەتەکانە، وەك وەزارەتی ئەوقاف، یان وەزارەتی بەلەدیات، یان هی مالیە، بۆیە پێویستە ئەو ئەرزانە داوا ئەکرێت بنووسرێت، بە موافەقەتی لایەنە پەیوەندارەکان بێت، ئەگەر نا هەر ئەرزێك ئەوان ویستیان بیکەن بە هی سیاحە، هەندێك لایەن زەرەرمەند ئەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەرزای ئەمیری ناگرێتەوە، هی دەوائیر ناگرێتەوە، ئەو ئەرازییانەی مەملوکە للدولە، حەقی تەصروفی خەڵکی لەسەرە سابیتە بە حوکمی قانون، تەنیا ئەو عەردانیە، ئەگەر عەردێکی بەلەدیاتی پێ بوویێت، بۆ وەزارەتی بەلەدییات، داوا دەکات دەڵێت کەزا مەساحە لە فلاَن جێ هەیە، بۆم تەخصیص بکەن، موافەقەتی وەردەگری، ئەگەر ئەرزەکە هی وەزارەتی مالیە بێت، لە وەزارەتی مالیە داوا دەکات، لە وەزارەتی زراعە، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، ئەمما ئەوە باسی ئەو عەردانە دەکات، کە عەردەکە لە ئەساسەوە مەملوکە للدولەیە، منیش صاحێبی حەقی تەصروفم بە موجەبی سەنەد، سیاحە دێت عەردم دەبات، دەبێت لیژنە بێت تەقدیر بکات، تەقدیری تەعویزاتەکەم بکات، ئینجا عاردەکەی من ببات، چونکە مولکی شەخصییە، ئەو حاڵەتەیە، هیچ ناوی دەوائیر ناگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەسی تر هەیە لەم بارەیەوە قسە بکات. ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی نۆ وەکو پێشکەش کرا و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتە سەری دەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با بفەرمێ؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ زۆر سوپاس کەواتە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو لیژنەکە با ماددەی دەیەم پێشکەش بکەن.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

المادة العاشرة:

يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل و كلما دعت الحاجة و بدعوة من رئيس المؤسسة ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء و تتخذ القرارات باكثرية الاصوات و عند التساوي يرجح الجانب الذي فيه رئيس المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کێ قسەی هەیە لەبارەی ماددەی دەیەمەوە؟ کەس نییە، کەواتە وەکو هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی وەرگیرا، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

تشكيلات المؤسسة العامة للسياحة

المادة الحادية عشرة:

ترتبط بالمؤسسة المديرية العامة للسياحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزە بکەن سێ چوار ماددەمان کردووە بە یەك ماددە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ماددەی یازدە وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

نەخێر ماددەی یازدەمان ئیختیصار کردۆتەوە و لەگەڵ ئەوانی تر، کە بڵێین ماددە یازدە وابێت، تەبعەن لێرە نوسرایە (تشكيلات المؤسسة العامة للسياحة ) بەنیسبەت ئێمە وامان لێ کرد ماددەی یازدە:

المديرية العامة للسياحة:

١- تتكون المديرية العامة للسياحة من المديريات التالية:

ئینجا لێرە بە بەش بەش هاتووە هەمووی ئێمە دەڵێین یەك مودیریەی شئونی سیاحە و (يديره موظف بدرجة مدير ويحمل شهادة متخصصة و له خدمة لا تقل عن عشر سنوات).

٢- مديرية الادارة و المالية و يديرها موظف بدرجة مدير ويحمل شهادة متخصصة و له خدمة لا تقل عن عشر سنوات.

٣- مديرية التخطيط و المتابعة: و يديرها موظف بدرجة مدير و يحمل شهادة متخصصة و له خدمة لا تقل عن عشر سنوات.

٤- مديرية الاعلام: لەوێ نوسراوە (املاك) و يديرها موظف بدرجة مدير و يحمل شهادة متخصصة في الاعلام و لە خدمة لا تقل عن عشر سنوات.

٥- مديرية الهندسة: ويديرها موظف بدرجة مدير و يحمل شهادة بكالوريوس في الهندسة و لە خدمة لا تقل عن عشر سنوات.

٦- مديرية الشؤون القانونية: ويديرها موظف بدرجة مدير و يحمل شهادة بكالوريوس في القانون و لە خدمة لاتقل عن عشر سنوات.

٧- مديريات السياحة في محافظات الاقليم: و يديرها موظف بدرجة مدير و يحمل شهادة متخصصة و لە خدمة لا تقل عن عشر سنوات.

ئینجا دەڵێ پانیا بەنسبەت ئەو تەشکیلاتە (تحدد مهام و تشكيلات و صلاحيات المديريات المذكورة في الفقرة اولاً بنظام خاص) ئەوە ماددە سێزدە و ئەوە دەبێتە دوازدە، (١١و ١٢و ١٣و ١٤)ی دەگرێتەوە، یەکسەر دێینە سەر فەصلی چوار (الايرادات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ئێوە ئەو (تشكيلات المؤسسة العامة للسياحة ) تاكو فەصلی چوارەم بەو شێوەیە کورتتان کردۆتەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڵێ، چونکە پێویست نییە هەمووی شوعبەی فلان و شوعبەی فلانە، ئەوانەی بۆ چی یە، نیزامێکی بۆ دەربکەن و چیتان هەیە بۆی دابنێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا کاکەرەش دەنگ لەسەر ئەوە ئەدرێ کە پێشکەش دەکرێ، ئێوە چی پێشکەش دەکەن؟

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڵێ ئێمە ئەوەی خوێندمانەوە ئەوەمان پێشکەش کرد، پێشنیار دەکەین ماددەی(١٢و ١٣و ١٤) بەو شێوەیە بێت، ئەگەر برادەرانی پەرلەمان بڕیار بدەن ئەوە دەبێتە ماددە یازدە و فەصلی چوارەم ئیرادات ماددەی پازدەیە دەبێتە دوازدە و دەست پێ دەکەین بە دوازدە.

**بەڕێز حەمە علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر راستە، چونکە ئەو تەشکیلاتەی لێرەدا هێناویانە چوونەتە ناو صادیرەو واریدەش، بەراستی شتێکی زۆر زیادە، ئەوەی لیژنەی قانونی ڕێکیان خستووە چوار ماددەیان کردووە بە یەك ماددە، مانای وایە ماددەی یازدە تەشکیلاتەکە کۆتایی پێ دێنێ و هەتا فەصلی چوارەم، ئێمەش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەین وەکو لیژنەی شارەوانییەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە ئێستا دەنگ لەسەر چی بدەین، نابێ پێشکەش بکرێ.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لوتف بکەی دەیخوێنمەوە دووبارە، بڵێن ماددەی یازدە بەو شێوەیە بێت، ئینجا دوایی تەسەلسولی دوازدە و سێزدە وچواردە دەگری و تەعدیلی تەسەلسولی ماددەکان بکرێتن بەپێی ئەوەی کە ئێستا پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێستا ئێوە بە نووسراوی پێشکەشتان کردووە، ئەوەی ئەڵێ (اولا: تتكون المديرية العامة للسياحة من المديريات التالية) یەك تاكو حەوت، ئەوەتان پێشکەش کرد نازانم لەبەردەمی ئەندامە بەڕێزەکان هەیە، کەواتە وەکو لەبەر دەمتاندایە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، پێش بیخەینە دەنگدانەوە کێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە؟ کەس نییە؟ کێ لەگەڵ دایە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەواتە بەگشتی وەرگیرا، بەشی چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**الفصل الرابع**

**الإيرادات**

**المادة الثانية عشرة:**

تتكون ايرادات المؤسسة من:-

١-الرسوم والارباح الناجمة عن نشاطاته.

٢-بدلات ايجار المرافق السياحية.

٣-المنح والمساعدات والهبات التي تقدم للمؤسسة وفق القوانين والانظمة والتعليمات النافذة.

٤-المنحة السنوية واية تخصيصات اخرى تقدمها حكومة اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون لەو بارەیەوە کێ قسەی هەیە؟ باشە ئەگەر کەس نییە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ماددەی دوازدەیەم دایە وەکو ئێستا خوێندرایەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا، ئەگەر مەسەلەکان هەمووی وا خێرا بڕوا ئێمە کۆبوونەوەکانمان ئەخەینە ئەو کاتانەی کە خەڵك برسیەتی و ماندووە و ئیتر زۆر تاقەتی قسە کردنیان نییە زوو کۆتایی بە بڕیارەکانیان دەهێنن، فەرموو لیژنەکە با ماددەی سێزدەهەم بخوێنێتەوە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الثالثة عشرة:**

يستوفي لقاء منح إجازات المرفق السياحي وتجديدها رسم سنوي كالآتي:

٦٠٠,٠٠٠ ستمائة الف دينار مرفق سياحي ممتاز.

٤٥٠,٠٠٠ اربعمائة وخمسون الف دينار مرفق سياحي درجة اولى.

٣٠٠,٠٠٠ ثلاثمائة الف دينار مرفق سياحي درجة ثانية.

١٥٠,٠٠٠ مائة وخمسون الف دينار مرفق سياحي درجة ثالثة.

٧٥,٠٠٠ خمسة وسبعون الف دينار مرفق سياحي درجة رابعة.

٣٨,٠٠٠ ثمانية وثلاثون الف دينار مرفق سياحي درجة خامسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی قانونی، و هەروەها لە خاوەنی پرۆژەکە، لە ولاتانی تریش یانی سەیری ئەوە کراوە، ئەوەندە دەرەجە هەیە، یانی ئەوانە دەرەجەکانیان هێناوەتە خوارەوە و صنعەتەکە رەزیل بووە، نازانم یانی یەك و دوو کافی نییە، هەروەکو پرسیارێك ئەگەر هەبێ لە ولاتانی تریش بەو شێوەیە بێت قەیناکا، ئێستا کێ لەو بارەیەوە پرسیاری هەیە؟ فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو دونیا لە مەرافیقی سیاحی پێنج دەرەجە هەیە، بە ئەستێرە دەست پێ دەکات، پێنج ئەستێرەو چوار ئەستێرەو سێ ئەستێرەو دوو ئەستێرەو یەك ئەستێرە، ئێستا مومتازیش پەیدا بووە، یانی ئەمە لێرە بە باشی هاتووە و لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کێی تر لەو بارەیەوە قسەی هەیە؟ فەرموو کاك رجب.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤە هەمی پارەیە و یانی ئەمە هەمی حسابلتن و نزانم ئەوە خازع نابێتن بۆ تەفتیشێکی و رەقابەیەکی ئەڤ تشتە، وابزانم هەتا نوکە نەهاتیە دیارکرن، ئەگەر هاتوو خازع ببێتن بۆ رەقابەی مالی گەلەك باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ ئینجا با لیژنەکە وەلام بداتەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پەیوەندی بە رەقابەی مالی نییە، من، تۆ دەچی ئیجازەی ئوتێلێك وەردەگری، ئیجازەکەت دەداتێ و ئەوەندە پارەت لێ وەردەگری، شتێکی زۆر تەبیعی یە و ئیدخال دەکرێ حسب ئوسول و قانون و

موستەنەداتی ئیدخال حیساب دەکرێ، ئەو کەلیمەشمان لابرد (منح اجازة مرفق سیاحي) لە جیاتی ئیجازات کردمان بە (اجازة مرفق سیاحي) کە دەڵێ (یستوفي لقاء منح اجازة المرفق السیاحي) نووسراوە (اجازات) بە خۆی موفرەد بوایە جوانتر دەڕۆیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەگشتی وەرگیرا، زۆر سوپاس. فەرموو ماددەی چواردە بخوێنەوە.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الرابعة عشرة:**

للمؤسسة میزانیة خاصة تقدمها الی مجلس الوزراء قبل ثلاثة اشهر علی الاقل من بدایة السنة المالیة لغرض المصادقة علیها ضمن میزانیة الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ هەیە لەو بارەیەوە قسە بکات؟ فەرموو کاك حەمە علی.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیەش زیادە بەرای من، چونکە لە پێشتر لە صەلاحیاتی سەرۆکی موئەسەسە هاتووە کەمیزانیە ئامادە دەکات، شتێکی ئیعتیادیە چونکە میزانیە هەموو دائیرەیەك دەبێ ئامادەی بکات پێش سێ مانگیشە لە هەموو شوێنێك پێش سەری ساڵ، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە زیادە، چونکە لە پێشتر هەیە ، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەسی تر هەیە قسەی هەبێ؟ فەرموو لیژنەکە چی ئەڵێ لەو بارەیەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی خۆی وشەی سێ مانگ تەحدید نەکراوە بەنسبەت هەموو دەوائیر، لەبەر ئەوە دەڵێ (قبل نهایة السنة المالیة)، مالیە لێرە تەحدیدی کردووە بە سێ مانگ لەسەر ئەو ئەساسە هاتووە، ئیمکان هەبوو لە ئەساسەوە میزانیەکە هاتووە دەڵێ میزانیەی خاصە، ئیمکان هەبوو بگوترێ (علی المؤسسة تقدیم میزانیتها قبل ثلاثة اشهر الی مجلس الوزراء) ماددەکە هاتوو چ لە مەوزووع ناگۆڕێ (للمؤسسة میزانیة خاصة تقدمها الی مجلس الوزراء قبل ثلاثة اشهر علی الاقل من بدایة السنة المالیة لغرض المصادقة علیها ضمن میزانیة الاقلیم) زۆر اعتیادیە هیچ اشکالێك دروست ناکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسە بکات؟ نییە، کێ لەگەڵ ماددە چواردەهەمە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ دژە؟ کەواتە بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا، فەرموو ماددە پازدەیەم.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الخامسة عشرة:**

تعفى المؤسسة من الرسوم كافة عدا الرسوم الكمركية على المواد الغذائية والمشروبات على اختلاف انواعها والمستوردة من قبلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس لەو بارەیەوە قسەی هەیە؟ فەرموو شێخ عبدالكريم.

**بەڕێز عبدالكريم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا ئەو مەشروباتە لابردرێ، مەوادی غیزائیەکە تەبیعی یە، بەڵام مەشروبات لابردرێ، بۆ ئەو جەوەی ئێمە ئەمە باشترین بازاڕی رەش دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ وابزانم وەڵامەکەت درایەوە، ئەگەر کەس نییە بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی پازدەهەمە بەو شێوەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة السادسة عشرة:**

شمول المشاريع والمرافق السياحية الداخلة ضمن التصنيف السياحي بالاعفاءات المقررة للمشاريع الصناعية او جزء منها لضمان تحقيق اهداف المؤسسة المنصوص عليها في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەو بارەیەوە قسە بکات؟ نییە، کێ لەگەڵ ماددە شازدەهەمە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ دژە؟ کەواتە بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا، زۆر سوپاس ئێستا دێینە سەر بەشی پێنجەم (الاحكام الختاميه).

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**الفصل الخامس**

**الاحكام الختامية**

**المادة السابعة عشرة:**

على المؤسسة استحصال موافقة مجلس الوزراء في كل ما يتعلق بنشاطاتها خارج العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەو بارەیەوە قسە بکات؟ نییە، کێ لەگەڵ ماددە حەڤدەهەمە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ دژە؟ کەواتە بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا، ئێستا ماددەی هەژدە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الثامنة عشرة:**

تلغى الهيئة العامة للسياحة وتشكيلاتها والمنصوص عليها في قانون وزارة البلديات والسياحة لاقليم كوردستان العراق رقم (١٥)لسنة ١٩٩٢ وتؤول ممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة كافة من منشآت وعقارات ومرافق سياحية والاراضي المخصصة بما فيها الدور السياحية كالفنادق والمدن والقرى والمطاعم والاكشاك السياحية او اية اموال او ممتلكات اخرى الى المؤسسة العامة للسياحة وتسجل باسمها في دائرة التسجيل العقاري.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس هەیە لەو بارەیەوە قسە بكات؟ نییە، كێ لەگەڵ ماددە هەژدەهەمە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس، كێ دژە؟ كەواتە بەگشتی بڕیاری لەسەر درا، ئێستا ماددەی نۆزدە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة التاسعة عشرة:**

يوقف العمل باحكام قانون المؤسسة العامة للسياحة رقم (٤٩)لسنة ١٩٧٧وتعديلاته.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەگەر كەس قسەی نییە من پرسیارێكم هەیە، ئەوەی كە ئیلغا كراوە هۆی لابردنەكەی چی یە؟ دەتوانن ڕوونكردنەوەیەكمان بدەنێ، ئەزانم هی عێراقە، بەڵام هۆیەكەی چی یە؟ فەرموو كاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قانونی ژمارە (٤٩)ی ساڵی ١٩٧٧ قانونی موئەسەسەی سیاحی عێراقە، ئێستا لێرە قانونێكی تایبەتمان دەرهێنا، موئەسەسەیەكی تایبەت بۆ هەرێمی كوردستانمان دروست كرد، مەعقول نییە قانونی دوو موئەسەسە پێكەوە بەكار بێنین، لە نیزامی فیدراڵیش سیاحە لە قەزایەی ئیقلیمیە هی محەلییە، حكومەتی هەرێمی كوردستان حەقی هەیە بەخۆی ئیدارەی ئیستیسمارو تەتویری ئەو قوتاعە بكاتن، زۆر سوپاس. ببورن بەڵام چونكە ئیتفاق عەمەل بۆ مەنتیقەیەكی موحەدەدە، ئەویش هەرێمی كوردستانە، ئەگەر بڵێین (يوقف العمل في اقليم كوردستان العراق باحكام قانون المؤسسة العامة للسياحة) دوور نییە باشتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەنگە باشتر بێت، ئەگەر بڵێین في اقليم كوردستان مەسەلەكە ڕوون دەبێت، فەرموو كاكەڕەش.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شتێكی تریش هەیە ئەوانەی كە كاك فرست فەرمووی، چونكە ئێستا مەرافیقی سیاحی بە پێی قانونی ٤٩ و ٧٧ زۆربەی موڵكی سیاحەیە (بما فيهم) ئەو فندقانەی سیاحین كە مەوجودە، ئەگەر ئەو قانونەی ڕانەگرین

ماناى وايە ئینتیزاعی موڵکەکەیان زەحمەتە لەوەی کە لە مەرافیقی عێراقیەوە وەریبگرین، ماناى وایە ئەو قانونە پێویستە رابگیرێ لە سەدا سەد، و قەوانینی عێراقیش لێرە نافیزی مەفعولە ئەگەر راینەگرین ماناى وایە وەکو کاك فرست فەرمووی بە هەردووکی ئیش بکەین، ئینجا نازانم بیکەینە موڵکی خۆمان یان موڵکی ئەوان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وابزانم ئێستا مەسەلەکە روونە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە پێشکەش کرا بە گۆڕانکاریەکەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو ماددەی داهاتوو.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة العشرون:**

لمجلس المؤسسة تأجير واستئجار وبيع وشراء الاراضي والعقارات بمختلف انواعها وفق تعليمات تصدرها رئاسة مجلس الوزراء لهذا الغرض دون التقيد باحكام قانون بيع وايجار اموال الدولة رقم (٣٢) لسنة ١٩٨٦.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ تەنها ژمارەکە لە ٢٣وە کرا بە ٣٢ ، کەسی تر نییە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الحادة والعشرون:**

يحصر بالمؤسسة صلاحية تسمية الفنادق والمنشآت السياحية في اقليم كوردستان العراق استثناء من احكام قانون الاسماء التجارية رقم(٢٥)لسنة ١٩٥٩ وعلى الجهات المختصة استحصال موافقة المؤسسة عند منح وتجديد والغاء اجازة بيع المشروبات الروحية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الثانية والعشرون:**

لا يجوز احداث منشآت او ابنية او تغيير معالم المناطق السياحية بشكل يتعارض وتصاميم المؤسسة التي ستعد من قبلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الثالثة والعشرون:**

تحدد المناطق السياحية المشمولة باحكام هذا القانون من قبل رئاسة مجلس الوزراء وينشر في الجريدة الرسمية للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الرابعة والعشرون:**

لصاحب حق التصرف في الاراضي المملوكة للدولة انشاء المشاريع السياحية او الكازينوهات عليها استثناء من احكام الفقرة اولاً من المادة الثانية من قانون توحيد اصناف اراضي الدولة رقم (٥٣)لسنة ١٩٧٦بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء والدوائر ذات العلاقة لقاء بدل يحدد بتعليمات مالية تصدرها وزارة المالية والاقتصاد في اقليم كوردستان وبالتنسيق مع رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الخامسة والعشرون:**

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة السادسة والعشرون:**

لمجلس الوزراء اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة السابعة والعشرون:**

**على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟ سوپاس، كێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الثامنة و العشرون:**

**ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان العراق.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس هەیە لەم بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟ سوپاس، كێ دژە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، لە ماددەی بیست و هەشتدا (ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان) عێراقەكەی تێدا نییە، بیكوژێننەوە، فەرموو ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**الاسباب الموجبة**

**بالنظر لكون اقليم كوردستان العراق ذا طبيعة سياحية حيث تقع العديد من المصايف والمرافق السياحية والمناطق والمواقع الاثرية والدينية المختلفة ولما لقطاع السياحة من اهمية بالغة لكونه مصدراً رئيسياً من مصادر الثروة الوطنية ووسيلة فعالة لتعريف العالم بتراث وحضارة شعب كوردستان ولغرض تشجيع الحركة السياحية وجذب السياح عن طريق اقامة المؤسسات والمرافق السياحية الحديثة والعصرية في الاقليم من خلال اعطاء المؤسسة العامة للسياحة دوراً فاعلاً واساسياً في هذا المجال ولكل ذلك فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا هەموو قانونەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەكەین، فەرموو هەموو بگەڕێنەوە جێگای خۆتان، ئێستا بە پێی ئەو بەرنامەیەی كە ئەمڕۆ پێشكەشمان كرد و ئێوە موافەقەتتان لەسەر كرد، یەك بڕگە ماوە ئەویش خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەیئەتی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراقە، ئێستا